ئومێد خۆشناو: پێویستە هەڤاڵانی یەکێتی چارەسەری دەروونی فەرید ئەسەسەرد بکەن

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5761) پێنج شەممە 30ی نایار2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان لە وەڵامی فەرید ئەسەسەرد رایدەگەیەنێت: لەوەتەی بیرم دێت بۆ یەکجاریش نەمدیوە فەرید ئەسەسەرد، قسەیەکی باش یان گەشبینی لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و کوردستان کردبێت، بەڵکو هەمیشە ڕەشبین و بێ سەلیقە و نەخۆش بە گەشانەوەی کوردستان و هیلاک هیلاک بەدەم دیمەنی سەرکەوتنی پارتی و کوردستان هەردەم دۆش داماوە. هەروەها داواش دەکات یەکێتییەکان چارەسەرێکی دەروونی فەرید ئەسەسەرد بکەن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

جەژنتان پیرۆز بێت

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز، پیرۆزبایی لە خانەوادەی شەهیدە سەربەرزەکان و پێشمەرگە قارەمانەکان و گەلی کوردستان بە گشتی و جەنابی سەرۆک بارزانی و هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی و ئەندام و لایەنگرانی پارتیمان و لایەنە سیاسییەکان دەکەین، هیوادارین ئەم جەژنە ببێتە مایەی خۆشی و شادی.

بەم بۆنەیەوە ڕۆژنامەی خەبات بەهۆی پشووەوە هەفتەی دادێ دەرناچێت و ڕۆژی یەکشەممە 9ی حوزەیران دێتەوە خزمەتتان.

کەسانێک لە یەکێتی پەیدابوون لە خۆڕا هەڵدەچن و هەموو سنووڕێکی برایەتی و وەفا و جوامێری دەبەزێنن

فەرەیدون عەبدولقادر: شەوی پەلامارەکانی کەرکووک لە 16ی ئۆکتۆبەردا داوام لێکرا پۆستی پارێزگاری کەرکووک وەربگرم



فەرەیدون عەبدولقادر سەبارەت بە پرسی وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری کەرکووک ڕوونکردنەوەیەکی بۆ ڕایگشتی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی ڕوونکردنەوەکەیدا ڕایگەیاند: چەندینجار و بە ئامادەبوونی کۆسرەت ڕەسوڵ داوام لێکراوە ببمە پارێزگاری کەرکووک، هەروەها گوتیشی: شەوی پەلامارەکانی کەرکووک لە 16ی ئۆکتۆبەردا ئاستۆ مامەند لە بارەگای مەڵبەند و بە ئامادەبوونی کاک کۆسرەت و مامۆستا بەکر ئەو باسەی کردەوە، کە من قبوڵی بکەم پۆستی پارێزگار وەربگرم.

(دەقی ڕوونکردنەوەکەی فەرەیدوون عەبدولقادر لە ل3 بخوێنەوە)

عادل عەبدولمەهدی پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات





بەڕێز عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراقی فیدرال لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی هەڵبژێردراو بۆ سەرۆکی هەرێمی کورستان، پیرۆزبایی لە بەڕێزیان کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرکی نوێیدا. لای خۆیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سوپاسی ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە و پیرۆزباییەی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی کرد و ئامادەیی هەرێمی کوردستانی بۆ زیاتر بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان بە گفتوگۆ و دیالۆگ دووپات کردەوە. لە بەشێکی دیکەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا بەڕێز عەبدولمەهدی ڕۆڵی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە چارەسەرکردنی کێشەکان و کردنەوەی گرێ کوێرەکان بەرز نرخاند و هیوای خواست لە داهاتوودا هەردوولا هەوڵی زیاتر بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بدەن کە چارەسەر نەکراون.

د. ڤاڵا فەرید: لە بەرنامەی پەرلەمان دایە دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان ئامادە بکات

د. ڤاڵا فەرید ئیبراهیم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لە ڕامۆن بلیکوا باڵیۆزی یەکێتی ئەوروپا لە عێراق کرد. لە دیدارێکدا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پوختەیەکی لە ڕێکارە یاساییەکانی کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەر کاندید بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان شیکردەوە و ڕایگەیاند: پەرلەمانی کوردستان بەدەنگدان لەسەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان قۆناغێکی گرنگ لە پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی هێنایەکایەوە و چاوەڕێ دەکەین لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکبێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئێزدییەکان داوای ئاساییکردنەوەی ڕەوشی شنگال دەکەن

ئاوارەکانی ئێزدی لە کەمپی خانکێ داوا دەکەن، ڕەوشی شنگال ئاسایی بکرێتەوە و ناوچەکە ڕادەستی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئاوارەکان بگەڕێنەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان و ڕەوشی ئێستای شنگال بە مەترسی دەزانن بۆسەر ژیانیان.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



نەتەوەیەکگرتووەکان: ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێویستی بە سەرکردەی وەک نێچیرڤان بارزانی هەیە

هەماهەنگکاری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پرۆسەی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان دەکات، دەڵێت: ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێویستی بە سەرکردەی وەکو نێچیرڤان بارزانی هەیە. نیکۆلای میلادینۆڤ، هەماهەنگکاری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پرۆسەی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تویتەر دەڵێت: نێچیرڤان بارزانی هەمیشە دەنگی بەهێزی ژیری، میانڕەوی و پێشکەوتنی خەڵکی کورد و عێراق بووە. هەماهەنگکارەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەوەشی گوتووە "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە نەوەیەکی نوێ لە سەرکردەی وەکو نێچیرڤان بارزانی هەیە".

هەولێر... زەوی بەسەر سوودمەندانی پرۆژەی گوندی کۆری دابەشکرا

دوێنێ لە شاری هەولێر و بە ئامادەبوونی نەورۆز مەولوود، وەزیری شارەوانی و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر، ڕێوڕەسمی تیروپشکی دابەشکردنی زەوی بەسەر زیانلێکەوتوانی پرۆژەی نیشتەجێبوونی کۆری بەڕێوە چوو. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

چوار لیژنە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان پێکهێنرا

لەلایەن لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان، چوار لیژنەی جیاواز بۆ ئەو ناوچانە پێکهێنرا و ئەم لیژنانە ڕاپۆرتی تەعریب و داگیرکاری و زیانەکانی ناوچەکان تۆمار دەکەن لیژنەکان دابەشی چوار ناوچە بوون.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)





دوێنێ ئێوارە لە ڕێورەسمێکدا، بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حکوومی و حزبی، قۆناغی سێیەمی شەقامی 120 مەتری کە دەکەوێتە نێوان شەقامی کەرکووک-هەولێر و شەقامی کۆیە-هەولێر کرایەوە (فۆتۆ: هێمن رانیەیی)




عومەری سەید عەلی پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان بەبۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات. عومەری سەید عەلی، رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان بەبۆنەی هەڵبژادنی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان سوپاسی عومەری سەید عەلی کرد. هەردوولا جەختیانکردەوە لە گرنگیی کاری پێکەوەیی و هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان لایەنەکان و تەبایی و یەکڕیزی بۆ رووبەڕووبوونەوەی تەحەدیاتی قۆناخەکانی داهاتوو، بۆ خزمەتکردنی گەل و وڵات.




ئەیاد عەللاوی پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، د. ئەیاد عەللاوی، سەرۆکی هاوپەیمانیی وەتەنییە، بە بۆنەی هەڵبژاردنی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرکی نوێیدا.

لای خۆیەوە، نێچیرڤان بارزانی سوپاسی پەیوەندیی تەلەفۆنی و پیرۆزباییەکەی ئەیاد عەللاوی کرد و هیوای خواست لە قۆناغی داهاتوودا بە هەموو لایەک بتوانن بە هاوبەشی خزمەتی باشتر بە وڵات و پێکهاتەکانی بکەن. تاوتوێکردنی پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ماون بە رێگەی دیالۆگ و دووپاتکردنەوەی بنەمای گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لایەنێکی دیکەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە بوو.

بەریتانیا پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

بالێۆزی بەریتانیا لە بەغدا و کۆنسوڵی گشتیی بەریتانیا لە هەولێر پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان دەکەن و دەڵێن، پەیوەندییەکان باش بووە و پتەوتریشی دەکەن. جۆن ویلکس، بالێۆزی بەریتانیا لە عێراق لە پەیامێکیدا پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات و دەڵێ "خۆشحاڵم بە هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێم، پێویستە کورد و عێراقییەکان لەگەڵ بەریتانیا هاوکار بن تاوەکو بتوانین هەڵەکانی بەردەمان بە باشترین شێوە بقۆزینەوە". لە پەیامێکی دیکەدا مارتین وار، کۆنسوڵی گشتی بەریتانیاش لە هەولێر رایگەیاند: پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکەم کە ئێستا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە وەکو سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستانی عێراق هەڵبژێردراوە. بەریتانیا هەمیشە پەیوەندی باشی لەگەڵ سەرۆکوەزیران نێچیرڤان بارزانی هەبووە، من متمانەی زۆرم هەیە کە پەیوەندی باشترمان لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی دەبێت.

مارتین وار ئاماژەی بەوە کردووە "ئەوەی زۆر پێویستە لە کاروبارە هەرێمییەکان، کاروباری ئابووری، سیاسی و دیپلۆماسی بریتییە لە گفتوگۆ و سازشکردن، پێمانوایە لەماوەی چەند ساڵی رابردوو هەموو ئەو تایبەتمەندیانەمان لە سەرۆکوەزیران نێچیرڤان بارزانی-دا بەدیکردووە". کۆنسوڵی گشتی بەریتانیا جەختیکردووەتەوە: لە داهاتوودا چاومان لەوەیە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق زیاتر بەرەوپێش ببەین.




عەممار ئەلحەکیم پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

بەرێز عەمار ئەلحەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەرێز نێچیرڤان بارزانی هەڵبژێردراو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پیرۆزبایی لە بەرێزیان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرکی نوێیدا. هەر لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا بەرێز ئەلحەکیم هیوای خواست کە ئەم ئەرکە نوێیەی بەرێز نێچیرڤان بارزانی ببێتە هۆکاری زیاتر لێکنزیکبوونەوەی هەولێر و بەغدا و چارەسەرکردنی کێشەکان بەڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆ بەشێوەیەک کاریگەریی ئەرێنی بۆ سەرجەم عێراق هەبێت بەتایبەتی کە بەرێز نێچیرڤان بارزانی ڕۆڵێکی سەرەکی لە چارەسەرکردنی کێشەکان و کردنەوەی گرێ کوێرەکان هەبووە.

لای خۆیەوە بەرێز نێچیرڤان بارزانی سوپاسی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە و پیرۆزباییی لە بەرێز عەمار ئەلحەکیم کرد و دووپاتی کردەوە کە هەموو هەوڵێک دەدات لەگەڵ بەغدا بە هاوبەشی کێشەکان بە ڕێگەی دیالۆگ چارەسەر بکەن بەشێوەیەک لە بەرژەوەندیی هەموو گەلی عێراق بە تەواوی پێکهاتەکانییەوە بێت.




عادل عەبدولمەهدی پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

بەرێز عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراقی فیدرال لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەرێز نێچیرڤان بارزانی هەڵبژێردراو بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پیرۆزبایی لە بەرێزیان کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرکی نوێیدا. لای خۆیەوە بەرێز نێچیرڤان بارزانی سوپاسی ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە و پیرۆزباییەی بەرێز عادل عەبدولمەهدی کرد و ئامادەیی هەرێمی کوردستانی بۆ زیاتر بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان بە گفتوگۆ و دیالۆگ دووپات کردەوە. لە بەشێکی دیکەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا بەرێز عەبدولمەهدی ڕۆڵی بەرێز نێچیرڤان بارزانی لە چارەسەرکردنی کێشەکان و کردنەوەی گرێ کوێرەکان بەرز نرخاند و هیوای خواست لە داهاتوودا هەردوولا هەوڵی زیاتر بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بدەن کە چارەسەر نەکراون.

سەرۆکی هاوپەیمانیی میحوەری وەتەنیی پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

خەمیس خەنجەر، سەرۆکی هاوپەیمانیی میحوەری وەتەنیی سوننەکان، پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات، بەبۆنەی هەڵبژاردنی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

لە پەیامەکەی خەمیس خەنجەردا بۆ نێچیرڤان بارزانی هاتووە: بەبۆنەی وەرگرتنی متمانەی پەرلەمان و هەڵبژاردنتان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پیرۆزبایی لە خۆتان و لە رێگەی ئێوەشەوە لە گەلی کورد دەکەین بۆ ئەو دەستکەوتە دیموکراسییە، کە رەنگدانەوەی قوونڵی شەفافیەتە لە یەکگرتنەوە لەگەڵ مافە دەستوورییەکاندا. خەمیس خەنجەر ئاماژەی بەوە کردووە، ئەزموونی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان سەلماندی؛ ڕەگوڕیشەیەکی قوونڵی هەیە و، هاوشانی دیموکراسیە بەناوبانگەکانی جیهانە. لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا، خەمیس خەنجەر دەڵێت، جێگەی شانازییە نەک تەنیا بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵکو هەموو عێراق، کە ئەوەی سەلماندووە گەلی کورد گەلێکی شارستانە و هەنگاوی چڕوپڕ دەبڕێت بەرەو جێبەجێکردنی دەستوور لە هەرێمەکەیاندا، بۆ ئەوەی ببنە سەرمەشق بۆ ئەوانی دیکەش.

سەرۆکی هاوپەیمانیی میحوەری وەتەنیە هەروەها دەڵێت: متمانەی تەواومان هەیە کە نێچیرڤان بارزانی ڕۆڵێکی میحوەری و کارا دەگێڕێت لە دۆزینەوەی چارەسەری واقیعییانە بۆ کێشەکانی هەموو عێراق، ئەویش بە پشتبەستن بەو دانایی و ئەزموونە سیاسییە گەورە سەرکەوتووەی هەتانە.

خەمیس خەنجەر، سیاسی و سەرمایەدارێکی سوننەمەزهەبی عێراقییە و دامەزرێنەری "پرۆژەی عەرەبییە لە عێراق" و خۆیشی ئەمیندارای گشتییەتی. وا وەسف دەکرێت ئەندازیاری دامەزراندنی "لیستی عێراقییە"یە بە سەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوی، هەروەها سەرۆکی هاوپەیمانیی میحوەری وەتەنییە، کە گەورەترین فراکسیۆنی سوننەیە لە پەرلەمانی عێراق.

نەجمەدین کەریم: دڵنیام نێچیرڤان بارزانی بە سیاسەتی حەکیمانەی دەتوانێ پێگەی کوردستان بپارێزێت

بەرێز/ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان

بە بۆنەی هەڵبژاردنی بەرێزتان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایتان ئاڕاستە دەکەم و دەخوازم لەم ئەرکە نوێیەدا سەرکەوتنی زیاتر بۆ گەلی کوردستان بەدەستبهێنن وەک چۆن لە رابردوودا لەکابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتنتان بەدەستهێنا.

برای بەڕێزم دەستبەکاربوونتان لە پۆستی سەرۆکی هەرێم لە کات و ساتێکدایە کە ناوچەکە بە دۆخێکی زۆر دژوار تێپەڕ دەبێت، دڵنیام بە سیاسەتی حەکیمانە دەتوانن، پێگە و پارسەنگی هەرێمی کوردستان لە نێو هاوکێشەکانی ناوچەکە بپارێزن.

هاوکات ڕۆڵی بەڕێزتان لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئەمڕۆی کەرکوک و ناوچە دابڕێندراوەکان نادیدە ناکرێت و بەرزدەنرخێندرێت، جارێکی دیکە پیرۆزبایی هەڵبژاردنی بەرێزتان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم و دەخوازم لە هەوڵەکانتان بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم لایەنە سیاسییەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نیشتمانی میلەتەکەمان بەردەوام بن و سەرکەوتنی زیاتر دەستەبەر بکەن.

بڕات/دکتۆر نەجمەدین کەریم

هەرێمی کوردستان و ئێران سێیەم قۆناغە زیندانییەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن

دوێنێ چوارشەمە 2019/5/29 لە سنووری حاجی ئۆمەران، لە ڕێوڕەسمێکی فەرمی شاندی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران ژمارەیەک زیندانیان ئاڵوگۆڕکرد، کە زۆربەی زیندانییە ئێرانییەکان کەیسی ماددە هۆشبەرەکانیان هەیە. ئەحمەد نەجمەدین، بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی، کە سەرۆکی شاندی هەرێمی کوردستانە بە سایتی کوردستان تیڤی ڕاگەیاند: ئەمە سێیەم قۆناغی ئاڵوگۆڕی زیندانیانە بەپێی ڕێکەوتنێکی نێوان حکومەتی عێراق و کۆماری ئێران، دوێنێش 20 زیندانی ئێرانی لەزیندانەکانی هەرێمی کوردستان ڕادەستی ئێران کرانەوە، لە بەرانبەریشدا 5 زیندانمان وەرگرت. گوتیشی: زیندانیکراوەکان بەپێی ماددە یاساییەکانی پێی بەندکراون، ماوەی یاسایی خۆیان لە نزیک کەسوکار و وڵاتی خۆیان بەسەردەبەن.

فەرەیدون عەبدولقادر:

شەوی پەلاماردانی کەرکووک لە 16ی ئۆکتۆبەردا داوام لێکرا پۆستی پارێزگاری کەرکووک وەربگرم

کەسانێک لە یەکێتی پەیدابوون لە خۆڕا هەڵدەچن و هەموو سنووڕێکی برایەتی و وەفا و جوامێری دەبەزێنن



خەبات: فەرەیدون عەبدولقادر سەبارەت بە پرسی وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری کەرکووک ڕوونکردنەوەیەکی بۆ ڕای گشتی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی ڕوونکردنەوەکەیدا هاتووە: چەندینجار و بە ئامادەبوونی کۆسڕەت ڕەسوڵ داوام لێکراوە بیمە پارێزگاری کەرکووک، هەروەها گوتیشی: شەوی پەلامارادانی کەرکووک لە 16ی ئۆکتۆبەردا ئاسۆ مامەند لە بارەگای مەڵبەند و بە ئامادەبوونی کاک کۆسڕەت و مامۆستا بەکر ئەو باسەی کردەوە، کە من قبوڵی بکەم پۆستی پارێزگار وەربگرم. **ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەی فەرەیدون عەبدولقادرە**

من فەرەیدوون عەبدولقادر کە زۆری تەمەنی خۆم لەگەڵ مام جەلاڵی سەرکردە و تێکۆشەرەکانی (ی. ن. ک) بۆ بەاڵاکردنی یەکێتی و خزمەتی کورد و کوردستان تەرخانکردوە و چەندین شەهیدی خێزانەکەشمان گیانیان بەو ڕێبازە بەخشیووە لە کاتێکدا من لە دەرەوەی وڵاتم. زۆرم لاسەیرە هەڵایەکی نابەجێ نراوەتەوە لەسەر دانانی پارێزگاری کەرکووک و ناوچەنانی ناوی خرایە ئەو قاڵبەوە کە ڕەزامەندی من خزمەتی تەبایی نێوان یەکێتی و پارتی ئەکات، بۆیە بێدەنگبووم.

جەنابی کاک کۆسڕەت و ئەو بەڕێزە ماندووانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرکردایەتییەکەی ئەزانن کە من چەند خزمەتی یەکێتیم کردووە و لە کاتە سەختەکاندا. لە سەرەتاکانەوە تا ڕاپەڕین و لە گەڕانەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ مەڵبەندی خۆی پاش 31ی ئاب، چەندە ڕۆڵی پڕ لە خزمەتم دیووە. هەموو ئەزانن کە من خۆم بە خاوەنی یەکێتی ئەزانم و هەموو تێکۆشەرەکانی یەکێتیم لا بەنرخە و زۆریش بەداخم بۆ ئەوەی کەسانێک لە یەکێتی پەیدابوون هەر لە خۆڕا هەڵدەچن و هەموو سنووڕێکی برایەتی و وەفا و جوامێری ئەبەزێنن و خۆیان ئەدەنە دەست بێویژدانی.

ئەگینا هەرگیز و بەهیچ پێوەرێک کەس لەوانەی خۆیان بۆ پۆستە باڵاکانی ئەنجوومەنی وەزیران و دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم کەمترنیم و پۆستی پارێزگار بۆ تێکۆشەرێکی کارا و دڵسۆز زۆر نییە و مایەی ئەو شپرزەبوونە زۆرە نییە کە گەلەکەمان بەسەرسامییەوە لێی ئەڕوانی.

و جێگری سکرتێری گشتییە و کەسی یەکەمی ناو یەکێتییە. داوای لێکردم چونکە خۆی لە کۆبوونەوەی دوو قۆناغدا لەگەڵ جەنابی مەسعود بارزانیدا ڕێککەوت لەسەر ئەوەی فەرەیدوون عەبدولقادر کە هەردوو حیزب پێی ڕازین و وەکو تێکۆشەرێکی دیاری جوڵانەوەی کورد تەماشای ئەکەن ئەو پۆستە وەربگرێ.

هەموو برایان مامۆستا بەکر و کاک ئیسماعیل مەحمود ئاگادارن کە ڕازینەبووم و تەنها لەبەر هاوڕێیەتی زۆر لەگەڵ کاک کۆسڕەت و لە دڵسۆزیم بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە ڕەسمی ڕەتمنەکردەوە، بەاڵم پێمووتون کە ئەو ئیشەم پێ خۆش نییە. بەاڵم باسەکە مامۆستا بەکر و تێکۆشەرێکی زۆر ئەو باسەی کردەوە، کە من قبوڵی بکەم پۆستی پارێزگار وەربگرم... جارێکی تریش هەر لە کۆڕی کاک کۆسڕەت و لە مالّی خۆیان بە ئامادەبوونی کاک عارف قوربانی و مامۆستا بەکر هەمان وەاڵم دایەوە، کە من ئەو کارە ناکەم.

لە دەمی کۆبوونەوەکانی هەردوو وەفدی یەکێتی و پارتی دا جەنابی کاک کۆسڕەت کە جێگری یاسایی

د. ڤاڵا فەرید: لە بەرنامەی پەرلەمان دایە دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان ئامادە بکات

ڕامۆن بلیکوا: هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق



د. ڤاڵا فەرید ئیبراهیم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لە ڕامۆن بلیکوا باڵیۆزی یەکێتی ئەوروپا لە عێراق کرد. لە دیدارێکدا د. ڤاڵا فەرید سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وێڕای بەخێرهێنانی باڵیۆزی ئەوروپا پوختەیەکی لە ڕێکارە یاساییەکانی کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەر کاندید بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان شیکردەوە و ڕایگەیاند: پەرلەمانی کوردستان بەدەنگدان لەسەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان قۆناغێکی گرنگ لە پێکهێنانی کابینەی نوێەمی هێنایەکایەوە و چاوەڕێ دەکەین لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکبێت و لای ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان گرینگە و کاری لەسەر دەکەین سەقامگیری و ئاسایشی وڵاتەکەمانە بۆ ئەم مەبەستەش دەرفەتی زۆرمان داوە بەلایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سازان و ڕێککەوتن و پەرلەمانی کوردستان لە بەرنامەی دایە دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان ئامادەبکات و کەتیایدا ماف و ئازادییەکان فەراهەم بکات و داواشی کرد یەکێتی ئەوروپا هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ لەگەڵ حکوومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق و ماددەی 140 دەستوور، چونکە بەجێبەجێکردنی دەستووری عێراق بەشێک لە کێشەو گرفتەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق چارەسەر دەبێت.

لای خۆشیەوە ڕامۆن بلیکوا باڵیۆزی یەکێتی ئەوروپا لە عێراق، وێڕای پیرۆزبایی لە پەرلەمانی کوردستان بەبۆنەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەم ڕۆژەشی بە میژوویی و دیموکراسی زانی و ڕاشیگەیاند: یەکێتی ئەوروپا پاڵپشت و پشتگیری هەموو پرۆسەیەکی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان و لە دوای پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەی هاوبەشمان دەبێت لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها هاوکاردەبن لە پرسە یاساییەکان و لەگەڵ حکوومەتی عێراقیش لەسەر هێل دەبین بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق و هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق.

لەکۆتاییدا باڵیۆزی یەکێتی ئەوروپا بەگرینگیەوە باسی لە ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان کرد و سەرسامی خۆشی بەم ئاسایش و سەقامگیرەی دەبڕی و ڕایگەیاند: ئەوەی لای ئێمە زۆر گرینگە و بایەخی زیاتری پێ دەدەین ئەوە ئاسایش و سەقامگیرییەی هەرێمی کوردستانە.

چوار لیژنە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان پێکهێنرا

لەلایەن لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان، چوار لیژنەی جیاواز بۆ ئەو ناوچانە پێکهێنرا و ئەم لیژنانە ڕاپۆرتی تەعریب و داگیرکاری و زیانەکانی ناوچەکان تۆمار دەکەن لیژنەکان دابەشی چوار ناوچە بوون. ناسر ئەحمەد بڕیاردەری لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان کە خۆی بە سەرۆکایەتیی لیژنەیەک دەچێتە خانەقین و دەوروبەری، لەمبارەوە بە خەباتی ڕاگەیاند: لیژنەکەیان چوار لیژنەی پێکهێناوە بۆ سەردانی ناوچە کوردستانییەکان. بڕیاردەری لیژنەکە لەبارەی دابەشکردنی لیژنەکانەوە گوتی: لیژنەیەکیان دەچێتە سنووری خانەقین و لیژنەیەکی دیکەش دەچێتە سنووری کەرکووک و لیژنەیەکیش بۆ سنووری مەخمور و لیژنەیەکی دیکەش دەچێتە سنووری شنگال. گوتیشی: کاری ئەم لیژنانە ئەوە دەبێت ڕاپۆرتی خۆیان لەسەر زیان و تەعریب و داگیرکاریی زەوی و خانووی کشتوکاڵی هاوواڵتیانی کورد دەنووسێتەوە و لە ڕاپۆرتێکدا ئامادەی دەکات بۆ قەرەبووکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی سەرجەم نوێنەرایەتی و کونسوواڵگەریی وواڵتان و حکوومەتی عێراق و دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. لەبارەی ماوەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەوە گوتیشی15 ڕۆژمان لەبەردەستە بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکە و دوای تەواوبوونی ڕاپۆرتەکە دەچینە بەغدا.

ئۆمێد خۆشناو:

پێویستە هەڤاڵانی یەکێتی چارەسەری دەروونی فەرید ئەسەسەرد بکەن

هەرگیز نەمدیوە فەرید ئەسەسەرد قسەیەکی باش لە بەرژەوەندی گشتی کوردستان بکات



خەبات: سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان لە وەاڵمی فەرید ئەسەسەرد ڕایدەگەیەنێت: لەوەتەی بیرم دێت بۆ یەکجاریش نەمدیوە فەرید ئەسەسەرد، قسەیەکی باش یان گەشبینی لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و کوردستان کردبێت، بەڵکو هەمیشە ڕەشبین و بێ سەلیقە و نەخۆش بە گەشانەوەی کوردستان و هیلاک هیلاک بەدەم دیمەنی سەرکەوتنی پارتی و کوردستان هەردەم دۆش داماوە. هەروەها داواش دەکات یەکێتییەکان چارەسەرێکی دەروونی فەرید ئەسەسەرد بکەن.

ئۆمێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە وەاڵمی فەرید ئەسەسەرد ڕایگەیاند: حەقی خۆیەتی بە بیر فەرید ئەسەسەرد بهێنێنەوە کە زۆرێک هاتن و هەر هەمووشی چوون، ئەوانەی خەونیان بە کێشەی ناوخۆی پارتییەوە دەبینی، ئەو خەونە نەبوو بە ڕاستی، تا ئەوان بە یەکجاری خەوتن و خەونەکەیان بردە ژێر گۆڕەوە. هەروەها ئۆمێد خۆشناو دەشنووسێت: دەبێت هەڤاڵانی یەکێتی ئەزیەت بکێشن و فەرید ئەسەسەرد ببەنە لای دکتۆرێکی دەروونی تا چارەسەر وەربگرێت، چونکە ئەو زاتە قسەیەکی خێر نازانێت. خۆشناو دەشڵێت: ئەوەی باشە پارتی لە دەلاقەی بەرژەوەندی گشتی و کوردستان و یەکڕیزی و تەبەیایی و ئایندەی گەش و بەهێزی کوردستان لە پرسەکان دەڕوانێت، ئەگینا یەک کاتژمێریش کوردستان خۆشی نەدەبینی، بە هەرحاڵ پارتی و ئەوانەی کوردستانیان خۆشدەوێت، قەت دەرفەت نادەن کە فەریدەکان مورتاح بن.

ئیزدییەکان داوای ئاساییکردنەوەی ڕەوشی شنگال دەکەن

سلێمان عیدۆ قاسم: بوونی هێزی جۆراوجۆر لە شنگال بووەتە گرفت لەبەردەم گەڕانەوەمان



ئاوارەکانی ئێزدی لە کەمپی خانکێ داوا دەکەن، ڕەوشی شنگال ئاسایی بکرێتەوە و ناوچەکە ڕادەستی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئاوارەکان بگەڕێنەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان و ڕەوشی ئێستای شنگال بە مەترسی دەزانن بۆسەر ژیانیان. موختار لە کەمپی خانکێ، سلێمان عیدۆ قاسم کە دوای پەلامارادانی شنگال لە لایەن تیرۆریستانی داعش، ئاوارەی کەمپەکە بووە ڕایگەیاند کە ئەگەر دۆخی شنگال ئاسایی بکرێتەوە، ئەوا دەگەڕێنەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان، بەاڵم بوونی ژمارەیەک گرووپی چەکدار لە شنگال، وایکردووە کە ئاوارەکانی ئێزدی نەتوانن بگەڕێنەوە ناوچەکەیان. سلێمان عیدۆ قاسم لەبارەی ژمارە و ڕەوشی ئاوارەکان گوتی: ماوەی پێنج ساڵە، دوای پەلامارادانی شنگال لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە پەنامان بۆ ئەم کەمپە بردووە کە ژمارەی خێزانەکانی کەمپەکە 10 هەزار و835 خێزانە و سەرجەم دانیشتووانی دەگاتە 16 هەزار و335 کەس کە سەرجەمیان ئێزدیین و خەڵکی شنگالین.

لەبارەی مانەوەیان لە کەمپەکە و کێشە و گرفتەکانی بەردەم گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان، سلێمان عیدۆ قاسم گوتی: ئێمە کاتێک ببینین ئاسایش و سەقامگیری لە شنگال بەرقەرار بێت، ئەوا دەگەڕێینەوە ناوچەکەمان، بەاڵم بوونی ئەم هەموو هێزە جۆراوجۆرە لە شنگال بووەتە گرفت لەبەردەم گەڕانەوەمان، بۆیە ئێمە داواکارین کە دۆخی شنگال بگەڕێتەوە پێش ساڵی 2014 و هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە ناوچەکە بن و ئێمەش بتوانین بگەڕێینەوە زێدی خۆمان.

سەبارەت بە ئاماری لەدایکبوون و مردووان لە میانی پێنج ساڵی ڕابردوو، سلێمان عیدۆ قاسم گوتی: لە سەرەتای هاتنمان بۆ ئەم کەمپە تا ئێستا، نزیکەی 60 کەس کۆچی دواییان کردووە کە زۆربەیان بە هۆی تەمەنەوە بووە، هاوکات لەم ماوەیەشدا نزیکەی هەزار و 700 منداڵ لەدایکبوون. جێی باسە کەمپی خانکێ لە 13 ناوچە پێکدێت و کەوتووەتە باکووری ڕۆژئاوای شاری دهۆک و نزیکەی17 هەزار ئاوارەی ئێزدی لەخۆگرتووە و نەخۆشخانە و قوتابخانەی تیادا دروستکراوە.

پەیامی پیرۆزبایی بۆ نێچیرڤان بارزانی بەبۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان

بە بۆنەی هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ژمارەیەکی زۆر حزب و لایەنی ساسی و سیاسەتمەدار و کەسایەتیی جیهانی و عێراقی و نێوخۆیی و بە پەیامی تەلەفۆنی و بروسکە پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی نێچیرڤان بارزانی کردووە.
جێی باسە ڕۆژی 28ی ئایاری 2019 بە کۆی 68 دەنگی پەرلەمانتارانی کوردستان، متمانە بەخشرایە نێچیرڤان بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. ئەمەش بەشێکی ئەو پەیام و پەیوەندیی تەلەفۆنی و بروسکانەیە کە بۆ بەڕێزیان نێردراوە:



سەرۆکایەتی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لاوانی ئەوروپا پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکەن

لەپەیوەندیەکی ڕاستەوخۆدا، سەرۆکایەتی لاوانی ئەوروپا پیرۆزباییان لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کرد، بەبۆنەی دەرچوونی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی و سەرکردایەتی لاوانی سیاسی ئەوروپا ناسراو بە ڕێکخراوی دامیک و گەورەترین ڕێکخراوی لاوانی سیاسی لەئەوروپا پیرۆزبایان لەبەڕێز نێچیرڤان بارزانی کردو هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیان بۆ خواست.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لاوانی ئەوروپا

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان..

بە بۆنەی هەڵبژاردنتان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، جوانترین پیرۆزبایی لە بەڕێزتان دەکەین، هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوە و پێشکەوتن بۆ گەل و حکوومەتی کوردستان دەخوازین.

ئوسامە عەبدولعەزیز ئەلنوجەیفی
سەرۆکی هاوپەیمانی بڕیاری عێراقی

د. بەشیر حەداد: چاوەڕوانی ئەوە دەکەین نێچیرڤان بارزانی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر بکات



جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشیر حەداد پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی نێچیرڤان بارزانی کرد. لە پەیامەکەدا هاتووە: متمانەیەکی تەواومان هەیە بەوەی سەرۆکایەتی تازە هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت بۆ بونیادنانی پەیوەندیی پتەو وباشتر لەنێوان هەموو حزب ولایەنە سیاسیە کوردستانییەکان ونزیکترکردنەوەی بیر و ڕا و بۆچوونەکان لەسۆنگەی باوەڕی بوون بە یەکپێزی مالّی کورد ویەکخستنی و پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ هاوواڵتیان. هەروەها هاتووە: نێچیرڤان بارزانی ئەزموونێکی چەندین ساڵەی بەردەوامی لەسەرۆکایەتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە و بێگومان ڕۆڵ و کاریگەری سیاسییان لەسەر ئاستی نیشتیمانی بەردەوام دەبێت. ئێمە چاوەڕوانی ئەوە دەکەین لە بەڕێزیان کار بۆ زەمینەسازی پێویست بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و پرسە هەڵپەسێردراوانەی لەنێوان بەغدا و هەولێردا ماون هەروەها بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی دیکەی عیراق، هیوادارین ئاشتی و ئاوەدانی لە کوردستان و هەموو عێراق بەرقەرار بێت.

شێخ شامۆ: یەقین جەنابێ وە دێ درێژەپێدەرێ وێ بەرەڤانی و لێپرسینا جەنابێ سەرۆک مسعود بارزانی بیت ل ئێزدیا

ڕێزدار جەنابێ کاک نێچیرڤان بارزانی هەلبژاردیێ سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ زۆر بەرێز ب هەلکەفتا هەلبژاردنا جەنابێ وە بۆ سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ، ئەم ل بنگەهێ لالش ب ناڤێ گشت تایی ب نڤیسینگەھ و جەماوەرێ بنگەهێ لالش ل سەرانسەری دەڤەرێن ئێزدیا پیرۆزباهیێ ل گەلێ کوردستانێ و جڤاکا کوردیێن ئێزدی و جەنابێ وە ییێن هێژا دکەن.
ب ڤێ پێنگاڤا میژویی و گرنگ دلخوەشیەک کەتیە ناڤ جڤاکا کوردستانی و دناڤدازی دلخوەشیا کوردیێن ئێزدی زێدەترە ژ هەر تاکەکێ کوردستانی، ئەڤەژی دزڤرینەڤە بۆ هەلویست و گرنگی دانا بەردەواما جەنابێ وە بۆ ئێزدیان، ب تایبەت پشتی جینوسایدکرنا ئێزدیا ل شنگالێ ڕۆلێ وە یێ میژویی بویە بەرامبەر قورتالکرنا گرتی و ڕەڤاندییێن مە. ڕێزدار ئەو ئەزمونا مە دگەل جەنابێ وھ ھەی، مە پشت راست دکە دێ ب ھەمان نەفەس و تێگەھشتن چارەسەریا دەرد و برینێن ئێزدیا ب تایبەت ل شنگال کەی، یەقین جەنابێ وە دێ درێژەپێدەرێ وێ بەرەڤانی و لێپرسینا جەنابێ سەرۆک مسعود بارزانی بیت ل ئێزدیا.
دخوازین پرسێن چارەنڤیسی ییێن گرێدایی کوردیێن ئێزدی وەکو دەستورێ کوردستانێ یێ ھەمیشەی و زامنکرنا پاراستنا مافیێن ھەمی پێکھاتیێن ئاینی و نەتەوی ل کوردستانێ و جێبەجێکرنا مادا 140 و ئارامکرنا و سروشتی کرنا ڕەوشا وان دەڤەرا ژ کار و بەرنامەیێ جەنابێ وە بن.
ئارامی و پێشڤەچۆن بەھرا کوردستانەکا ب ھێزتر بە بۆ قۆناغەکا تازە، بەرز و بلند ھمینە ئالایێ کوردستانێ ب سەرۆکاتیا جەنابێ وە.
دگەل ڕێزگرتنێن مە

شێخ شامۆ
سەرۆکێ دستەیا بلندا بنگەھێ لالش
2019/5/28

ڕابەری گشتیی بزووتنەوەی ئیسلامی پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات



ڕابەری گشتیی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان، لە پەیامێکدا بە بۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پیرۆزبایی ئاڕاستەی نێچیرڤان بارزانی دەکات، ئەمە دەقی پەیامەکەیە:
بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی..
خۆشحاڵ بووین بە هەڵبژاردنی بەڕێزتان وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە هیوای سەرکەوتن و خزمەتکردن بە گەلی کورد و دۆزە ڕەواکەی و زاڵبوون بەسەر هەر کۆسپ و تەگەرەیەکدا کە دێتە بەردەم هەرێمەکەمان، لە خوای گەورە داواکارین پشتوپەناتان بێت و سەرکەوتووتان بکات.
والسلام علیکم ورحمه الله وبرکاته

براتان
عیرفان شێخ عەلی عەبدولعەزیز
2019/5/28

د. عەبدوللەتیف سەلەفی لە مەککەوە پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

دکتۆر عەبدوللەتیف سەلەفی لە مەککەوە پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات بەبۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان.
بە بۆنەی هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، عەبدوللەتیف سەلەفی دەڵێ: لە مەککەی پیرۆز بیستم: کاک نێچیرڤان دانراوە بە سەرۆکی هەرێم لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، منیش لەم شوێنە پیرۆزەوە لە خودای پەروەردگار دەپارێمەوە یارمەتی بدات و سەرکەوتووی بکات لە هەموو کارێکی خێردا و، بەدوری بگرێت لە هەموکارێکی خراپ و بیکاتە هۆکاری خزمەتکردنی ئیسلام و موسڵمانان و چەسپاندنی هەق و دادپەروەری و ڕێگریکردن لە ستەم و گەندەڵی.

نیهاد قازی بۆ خەبات: پێکهاتەکانی عێراق بەهۆی گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکانیان بەرەو نەمان دەچن

عێراق بڕیاری لەسێدارەدانی ڕاگرتبوو کەچی ئێستا گەڕاوەتەوە سەر هەمان یاسای کۆن

خەبات- ساسان دەروێش
هەڵگەوتەی عێراق کۆمەڵێک پێکهاتە (کەمەنەتەوە) و ئایینی جیاوازی لەخۆگرتووە کە لە دێر زەمانەوە بەشی زۆریان کەوتوونەتە کوردستان و خۆیان بە کورد دەزانن، لەگەڵ هەڵگری بیر و باوەڕەکانیان، هەر ئەم خۆ بە کورد زانینەیان تووشی هەزاران گرفت و ناخۆشی کردوون لەگەڵ ئایینەکانیان، لە کەم و زۆر هەوڵی لەناوبردنیان دراوە بۆ گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکانیان و سڕینەوەیان کە تاکو ئێستاش بەردەوامە. ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە بوونی کۆمیتەیەکە لە بەرگریکردنی پێکهاتەکان و ئایینەکان لە عێراق و سەنتەرەکەی لە هۆڵەندایە، لە ئێستاشدا بەرپرسی یەکەمی ئەم کۆمیتەیە کەسایەتییەکی کوردە بە ناوی نیهاد قازی ئەندازیار و ڕاوێژکار و نووسەرە، لەسەر چەند پرسێکی گرنگی ڕووداوەکانی پەیوەست بە پێکهاتەکان و بیروباوەڕیان و کارکردنیان، وەڵامی چەند پرسیارێکی خەبات دەداتەوە.

*** لەسەرچ ئامانجێک کۆمیتەکەتان دروستبوو و کارەکانتان چی بوونە بۆی؟**
– لە دوای نەمانی ڕژێمی بەعس، کاتێک شەڕو کوشتار لەنێوان مەزهەبەکان ڕوویدا و تەشەنەی کرد بۆ پێکهاتەکان کە هاوبەشن لەو خاک وڵاتەدا بە نەتەوەی کورد و هەڵگرانی بیروباوەڕەکانیان کەوتنە بەر هەڕشە و کوشتاری بە کۆمەڵ، لەلایەن کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانی کورد و عەرەب بە هەماهەنگی کەوتینە کارکردن بۆ بەرگریکردن لەو کارەساتانە و ڕاوستاندنیان لە کوشتار و ماڵوێرانکردنی یەکتری، بەمەش چەندین کەسایەتی تر لە وڵاتانی عەرەبی هاوکار و پاڵپشتمانبوون و بوون بە ئەندام لە کۆمیتەکەمان، کاری ئێمە بەرگریکردن نییە لە ئایینەکان، بەڵکو بەرگریکردنە لە مافی کەسایەتییەکان کە باوەڕیان بە ئایینەکانیان هەیە، ئێمە دژایەتی هەموو لایەک دەکەین کە ئایین و بڕوای خۆی بسەپێنێت بەسەر ئەوی تردا، بەهۆی زۆری و کەمی، ئەوەشی ڕوویدا لە ئێزدییەکان و مەسیحییەکان لەژێر زەبری کوشتن دەبوو دینەکانیان بگۆڕن و بڕن بە موسڵمان، ئێمە بە هەموو توانای خۆمانەوە بەرەنگاریان بووینەوە و دەبینەوە و بە یەکسانی هەموویان لە باوەش دەگرین لە پێکەوەژیانیان کە ئەمە یاسای جیهانی مافی مرۆڤە کە کەسایەتییەکان نازادن لە هەڵبژاردنی بیر و باوەڕ و ئایینەکانیان، کەس بۆی نییە ڕێگریان لێ بکات، وێڕای بەشداربوونمان لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان لە جنێڤ و فەڕەنسا و بەڵژیکا و هۆڵەندا و ئەڵمانیا بەردەوامیش دەبین هەڵبڕینی دەنگی نارەزایەتی دژ بەو کارەساتانەی کە ڕووەدات لە کەرکووک و ناوچەکانی لە سەرمایەی ژیانیان.

*** چەند لە کارەکانتان بەرهەمەکەیتان وەرگرتووەتەوە؟**
– بەدڵنیاییەوە زۆربەیان لەبەر ئەوەی ئێمە بە هەمیشەیی لە خەتین لەگەل لایەنی پسپۆڕ لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و یەکێتیی ئەوروپا و دواتر حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانیش هەندێک کاردانەوە دەبینێت لەسەر ئاستی بەرزدا بۆ بەدواداچوون لەنێو عێراق و کوردستان، ئەوانە هەندێکیان پاڵپشتی بە زانیاری و بەیاننامە و ڕاپۆرتەکانی ئێمە دەبەستن

*** تاچەند کاردانەوەتان هەبوو بۆ ئەو جیاوازیەی ڕاپۆرتەکانی نێوان پۆلیس و وەزارەتی دادی گشتی هۆڵەندی؟**
– لە میدیاکانەوە بیستمان کە وەزیری دادی گشتیی هۆڵەندا دەستیلەکارکێشایەوە بەهۆی ئەو جیاوازییەی نێوانی ڕاپۆرتەکانی پۆلیس و وەزارەتی دادی گشتی کە ئاماژە بە ڕێژەیەکی زۆر لە کوشتن و دزین و خراپەکاری لە هۆڵەندا دەخاتە ئەستۆی پەنابەران کە بەمدواییە هاتوون لە سووریا و عێراقە و شوێنەکانی تر، کە دەرکەوت لەگەڵ ڕاپۆرتی پۆلیس کەمترە، دیارە ئەمەشیان لەپێناوی ئەوەدا کردووە کە ناسنامەی پەناهەندە ناشیرین بکەن لەبەردەم کۆمەڵگەکەیان و دواتر لە هەڵبژاردن بیکەنە کارتی زۆربەی دەنگ کۆکردنەوە، کاتێک بەدواداچوون بۆ ئەم پرسە کرا و هیچ ڕاست نییە وەزیر دەستیلەکارکێشایەوە، هەمان وەزیر ماوەیەک لەمەوبەر داوای کرد پەناهەندە ئێزیدییەکان بگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی لە دایکبوونی خۆیان و لە هۆڵەندا دەریان بکات، لەگەڵ ئەوەشدا وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا لە مەجلیسی ئەمن سووتاندنی دەغڵودانی جوتیارانی کورد و ڕاوەدوونانیان بۆ سڕینەوەی خاکی باوباپیرانیان، جێگەی داخە لە دێرزەمانەوە کەمەنەتەوەکان و دینەکانیان لەژێر هەڕەشەی نەمان و بیانووی جۆراوجۆرەوە کۆمەڵکوژکراون، یاخود دەربەدەرکراون لەنێو عێراقدا هەر لە مەسیحییەکان و جولەکە و دواتر کورد و فەیلییەکان و بەمدواییەش کوردی ئێزیدی هەموو ئەمانەش بۆ گۆڕینی دیموگرافیەی ناوچەکانیان بوو لە دوای نەمانی ڕژێمی بەعس و سڕینەوەیان بە هیوای ئەوە بووین لە عێراقێکی دیموکراتی و دەستەبەرکردنی یەکسانی بۆ هەمووان و لە باوەشگرتن و پڕ لە دادپەروەری و ڕێزگرتن لە فرەئایینە جیاوازەکان، جێگای داخە ئەوەمان نەبینی، لە ئێستاشدا پێکهاتەکان کۆچیان کردووە و پەرتەوازەی وڵاتان بوون، ئەگەر کەسایەتییەکی کەمەنەتەوەکان بە بڕیاری یاسای عێراق بچێت ناسنامەی خۆی بگۆڕێ بۆ ئەوەی خۆی پەیڕەوی دەکات بۆی ناکەن، دەڵێن چۆن دەبێت ئیسلامی و بیگۆڕی، ت ئەمە قبووڵ نییە کە لەکاتێکدا ڕژێم هەموویانی بە بیروباوەڕی ئیسلام لە قەڵەمدا بوو، لەم کاتوساتەی کە لە هەموو لایەکەوە هەڕەشەکان تونەتر بوون کەمەنەتەوەکان ناوبڕن ناسنامەی خۆیان ئاشکرا بکەن، چونکە شوێنە پیرۆزەکان و بەروبوومەکەیان دەسووتێنن و دەربەدەریان دەکەن، پێمان دەڵێن کەمە نەتەوەکانی نێو عێراق بەرەو نەمان دەچن، بەهۆی گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکانیان و سووتاندنی



لە نیوریۆرک داوای کرد دادگاییکردنی داعشەکان بکرێنە نێودەوڵەتی و بگوازرێنەوە بۆ دادگای لاهای لە هۆڵەندا، بەنیازن لە مانگی 9 کۆنگرەیەک لە هۆڵەندا ببەستن لە بارەی دادگاییکردنی داعشەکان و لە مانگی 7 ڕاوێژکاری یاسایی وەڵامیان بداتەوە پێیانخۆشە کە زۆرینە بەشدارین و دان بەوە بنێن کە داعش جینۆسایدی کردووە لەوانەش کوردانی ئێزیدی، عێراق بڕیاری لەسێدارەی ڕاگرتبوو، کەچی ئێستا گەڕاوەتەوە سەر هەمان یاسای کۆن کە ئەمەش دژی مافی مرۆڤە بۆ ئەم کارەش دەبێت عێراق ئەندام بێت لە دادگای کوشتن و بڕینی نێودەوڵەتی کە بەداخەوە ئەندام نییە و ئێمە چەندینجار داوامان کردووە عێراق دەبێت ناچار بکرێت لە ژێر هەر چی گوشارێکدا بێت، ببێتە ئەندام و بەشدار بێت لە دادگاکەدا، دەنا ناتوانین دۆسییەکانی ئەنفال و جینۆساید سەربخەین.

*** پێتوایە نەبوون بە ئەندامی عێراق چەند زەرەرمەندین؟**
– ئێمە وەک کورد و هەموو کەمە نەتەوەکان و خەڵکی عێراق بە گشتی زەرەرمەندین لەوەی کە دیکتاتۆرێک بخوڵقێت، ناتوانین بە یاسای نێودەوڵەتی بەرەنگاری ببینەوە، بۆیە تا عێراق خۆی پابەندی یاساکانی ئەم دادگاییە نەکات دۆسیەکانمان سەرکەوتوو نابن، بە هیوام حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئەمدواییە بکەن هەرچەندە ئێمەش کردوومانە.

بۆ بەڕێز و تێکۆشەر نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان

سلاوێکی خەباتگێڕانە..

بە بۆنەی هەڵبژاردنتان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەناوی خۆم و تەواوی هەڤالانی پارتی پێشڕەنگی کوردستان-سووریا و بەناوی هەڤاڵ و دۆستانی حزب و لایەنگرانی، لە دڵەوە گەرمترین پیرۆزبایێتان پێشکەش دەکەین، هیوای تەندروستییەکی باش و پێشکەوتنتان بۆ دەخوازین.

هەڵبژاردنی جەنابتان وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم هەلومەرجە ئاڵۆزەی کە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و نزیک بە گشتی و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بە تایبەتی پێیدا تێدەپەڕێت، ئەرکێکی گەورە دەکەوێتە سەرشانی ئێوە، بۆ تەواوکردنی پێداویستییەکانی خەبات لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەحدیاتە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا، کە لە ڕووی سیاسی و ئابووریییەوە ڕووبەڕووی گەلی کوردستان بووەتەوە، هەروەها پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان، ئێمە بڕوایەکی تەواومان بەوە هەیە کە ئێوە شایستەی ئەو ئەرکەن، ئەمەش بە درێژەپێدانی ڕێبازێکی بارزانیی وەک ڕێبازێکی نەتەوەیی نەگۆڕ، بۆ پشتیوانیکردنی خەباتی گەلەکەمان لە بەدیهێنانی ماف و ئاواتە ڕەواکانی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، لەوانیش سووریا، چونکە ئاسایش و سەقامیگری لە هەردوو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و نزیکدا بەبێ چارەسەری دۆزی نەتەوەی کورد، وەک چارەسەرێکی دیموکراسی و عادیلانە بە مافی چارەی خۆنووسینەوە، چارەسەر نابێت.

دەستتان دەکوشێن، لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستی

د.ئیسماعیل حەساف
سکرتێری پارتی پێشڕەنگی کوردستانی-سووریا
28ی ئایاری 2019

سیامەند حاجۆ: نێچیرڤان بارزانی دەتوانێت دیموکراسی و پەرەپێدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دابین بکات



سەرۆکی ڕەوتی پێشەڕۆژی کورد لە سووریا ڕایگەیاند، وەک چۆن نێچیرڤان بارزانی لە ئەرکەکانی پێشتریدا سەرکەوتوو بووە، لەمەودواش دەتوانێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نوێنەراتیی کورد بکات. دوای ئەوەی ڕۆژی سێشەمە نێچیرڤان بارزانی بە زۆرینەی دەنگ بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا. سیامەند حاجۆ، سیاسەتمەداری دیاری کوردی ڕۆژئاوای کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: شوێنپەنجەی نێچیرڤان بارزانی بە پێشکەوتن و پەرەپێدانی هەرێمی کوردستانەوە دیارە و، ئێستاش کاراکتەرێکی بەهێزە و دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە ببینێت. ناوبراو گوتیشی: ناوچەکە بە دۆخێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێت. نێچیرڤان بارزانی، ئەو سەرۆکە بەهێزەیە کە دەتوانێت بەرگەی هەموو ناخۆشییەکان بگرێت، وەک چۆن پێشتر ڕووبەڕووی ناخۆشییەکان بووەتەوە. حاجۆ ئاماژەی بەوەش دا: بڕوامان بە نێچیرڤان بارزانی هەیە، چونکە دەتوانێت لەسەر ئاستی کوردستان دیموکراسی و پەرەپێدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دابین بکات.

سەرۆکی حزبی مەسەری مەدەنی عێراقی بۆ نێچیرڤان بارزانی: هەڵبژاردنتان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکە بەرەو دیموکراتی

سەرۆکی حزبی مەسەری مەدەنی عێراقی پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات و داوای لێدەکات ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕێت لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا. موسەنا عەبدولسەمەد سامەرائی، سەرۆکی حزبی مەسەری مەدەنی عێراقی، بە بۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی نێچیرڤان بارزانی کرد و ئاماژەی بەوە کردووە "هەڵبژاردنتان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکە بەرەو زەمینەسازی بنەمای دەستووری و چەمکی دیموکراتی". هەروەها باسی لەوەش کردووە "بەرپرسیاریەتی گەورەتان لە بەڕێوەبەردنی هەرێمی کوردستان لە ئەستۆدایە، بەدیهێنانی خواست و ویستی گەلی کورد زمان لە لایەک و کارکردن لەسەر بەهێزکردنی متمانەی نێوان سەرجەم پێکهاتەکان و لایەنەکانی کۆمەڵگەی عێراقی لە لایەکی دیکەوە وادەخوازێت ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕن لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و ناوەند". سامەرایی کە هاوکات ئەندامی پەرلەمانی عێراقە خوازیارە نێچیرڤان بارزانی لە ئەرکەکەیەدا سەرکەوتوو بێت، لەکاتێکدا عێراق و تەواوی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بە دۆخێکی هەستیاردا تێپەڕدەبێت.

YNDK:

دڵنیاین سەرکەوتوو دەبن لەم ئەرکە قورسەی پێتان سپێردراوە

بۆ بەڕێز جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

سڵاوی سەرخۆبوون و ئازادی...

بە بۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێزتان وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ناوی خۆمان و تەواوی ئەندام و لایەنگرانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK ڕازاوەترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین.

بەڕێزتان کەسێکی شیاون بۆ ئەم پۆستە و دڵنیاین سەرکەوتوو دەبیت لەم ئەرکە قورسەی پێت سپێردراوە و ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردووی بەڕێزتان لە حکومەت و کاری دیپلۆماسی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ئەقلیمی و جیهانی، هەموو لایەکمان دڵنیا دەکاتەوە، کە بەڕێزتان سەرۆکێکی سەرکەوتووی بەئەزموون و شارەزای لەبوارەکانی دبلۆماسی و ئاوەدانی و ئاشتی و ئارامی.

ئێمە لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK پاڵپشتی بەڕێزتانین لەسەرخستنی کارەکانتان بۆ بەدیهێنانی تەواوی مافەکانی گەلێ کوردستان.

لەگەڵ ڕێزماندا....

مەکتەبی سیاسی
یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان
YNDK
2019/5/28

سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

پەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەبۆنەی وەرگرتنی متمانە لە پەرلەمانی کوردستان و هەڵبژاردنی بەڕێزتان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی لە بەڕێزتان دەکەین. لە ساڵانی ڕابردوو هەرێمی کوردستان بە قۆناغی سەخت و دژواری جیاجیادا تێپەڕ بووە و لەو قۆناغانەدا بەڕێزتان وەکوو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆڵ و کاریگەری گەورەتان لە تێپەڕاندنی ئەو قەیرانانە و سەرکردایەتیکردنی هەرێمی کوردستان بەرەو کەناری ئارامدا هەبووە. ئێستاش بە هەڵبژاردنی بەڕێزتان وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین و هیوادارین وەک چۆن لە ڕابردوو بەڕێزتان نموونەی سەرکەوتووی کاری پێکەوەیی و هاوبەشی لە بڕیاردان بوونە بۆ چارەسەریی کێشەکان و تێپەڕاندنی قۆناغە سەختەکان، لە ساڵانی داهاتووش هەرێمی کوردستان بە هەوڵ و کۆششی بەڕێزتان هەنگاوی جیدی بنرێت بۆ چاکسازی و چەسپاندنی یاسا و هاوکاری و هەماهەنگی زیاتری هەر سێ دەسەڵاتەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەویش لەپێناو بەهێزترکردنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان.

دادوەر بەنگین قاسم محەمەد
سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری
2019/5/29

ئێران ئەو هەواڵانە بەدرۆ دەخاتەوە کە باس لە نێوەندگیری نێوان تاران و واشنتۆن دەکەن

عەباس موسەوی: لەگەڵ ئەمەریکا هیچ گفتوگۆیەکمان نییە و بەباشی نازانین لەم دۆخەی ئێستادا لەگەڵیان دانوستان بکەین

خەبات: هەولێر

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، عەباس موسەوی ڕایگەیاند کە هیچ گفتوگۆیەکیان لەگەڵ ئەمەریکادا نییەو ئاشکرای کرد، لەئێستادا دۆخەکە لەبار نابێت بۆ ئەنجامدانی دانوستان. عەباس موسەوی لە بارەگای وەزارەت کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ڕێکخست و دەربارەی پێشهاتەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران ڕایگەیاند، کە لەدوای کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی، دیپلۆماسییەتی ئێران چۆتە قۆناغێکی تر و ئاشکرای کرد سەردانی وەزیری دەرەوە، محەمەد جەواد زەریف بۆ تورکمانستان، سووریا، ژاپۆن، پاکستان، چین، هیندستان و عێراق بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی ئێران بووە و لە ماوەی داهاتوویەکی نزیکیشدا سەرکۆمار حەسەن ڕوحانی سەردانی دوو تا سێ وڵاتی ناوچەکە دەکات.

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، عەباس موسەوی لەبارەی لێدوانەکانی سەرۆکی ئەمریکا، دۆنالد ترەمپ لەهەمبەر ئێران، ڕایگەیاند: لەگەڵ ئەمریکا هیچ گفتوگۆیەکمان نییە و بەباشی نازانین لەم دۆخەی ئێستادا لەگەڵیان دانوستان بکەین. ئێمە لەسەر بنەمای ڕێز لە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان مامەڵە دەکەین. ئەمەریکاش دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەمە. بە هۆی کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئەم پرسە سەرنەکەوت. لەم هەلومەرجەدا دانوستان بەگونجاو نازانین. دەبێت چاوەڕوانی پێشهاتەکان بکەین.

عەباس موسەوی باسی لەوە کرد کە ئەو 12 مەرجەی مایک پۆمپیۆ بانگەشەیان بۆ دەکات ناتواندرێت لە لایەن هیچ وڵاتێکی سەربەخۆوە پەسەند بکرێت و گوتی: ئێمە میزی گفتوگۆمان جێنەهێشت، ڕێککەوتنی ئەتۆمی هێشتا بەردەوامە.

ئێران لە هەمور مەرجێکدا ئامادەیە. هیچ ڕەوشێک نییە بۆ دانوستان. دەبێت خۆیان بڕیار بدەن چی دەکەن. ئێمە لە دۆخێکدا نین پێیان بڵێین چی بکەن و بەپێی هەڵوێستی ئەوان بڕیارەکەمان دەدەین.

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، عەباس موسەوی باسی لەوەیش کرد کە ئێران پێشنیازی بۆ کەس نەکردووە بۆ نێوەندگیری و لە قۆناخی نێوەندگیریدانین، ئەوەشی خستەڕوو کە ئەرێنیانە پێشوازییان لە هەوڵی ئەو وڵاتانە کردووە کە هەست بە پێویستی نێوەندگیری دەکەن بۆ خۆبەدوورگرتن لە دروستبوونی گرژیی لە ناوچەی کەنداو و گوتی: هەندێک کاری پێویست هەیە بۆ نێوەندگیری، هۆکاری گرژیی نێوان ئێران و ئەمەریکا دەرچوونی ئەو وڵاتەیە لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی، لەگەڵ پابەندنەبوونی بە بەڵێنەکانی. وڵاتانی جیاواز بەشێوازی جیاجیا دەیێکە بە فتوای قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی (ڕابەری ئێران) ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی ڕایگەیاندووە، کە بەدوای بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمییدا نین. گرووپی B بە تیرۆری ئابووری زیان بە گەلی ئێران دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی گرژی لە ناوچەکە. کردەوەکان نەک گوتەکان دەیسەلمێنن کە دۆنالد ترەمپ بە نیازی چییە.

سەرۆکی ئەمریکا، دۆنالد ترەمپ لە میانی سەردانەکەی ڕەتکردەوە کە باس لەوە دەکەن کۆبوونەوەکان لەڕێی نێوەندگیرییەکانەوە دەستیان پێکردووە و گوتی: لە نێوان ئێران و ئەمریکادا هیچ کۆبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئەنجام نەدراوە.

بانگەشەی ئەوە کرابوو کە هەفتەی ڕابردوو وەزیری دەرەوەی عومان، یوسف بن عەلەوی سەردانی تارانی کردووە بە مەبەستی نێوەندگیری لە نێوان ئێران-ئەمریکادا.

بن عەلەوی لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری Mecelle کە ناوەندەکەی لە بەریتانیایە ڕایگەیاندبوو لەگەڵ لایەنەکانی سێیەم هەوڵ دەدەین بۆ هێورکردنەوەی ئەو گرژییەی لە نێوان ئەمەریکا و ئێران ڕووی لە زیادبوون کردووە.

لە لایەکی دیکەوە جێگری وەزیری دەرەوەی کوێت، خالید جاروڵڵا ڕایگەیاندبوو کە بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە زیادبوونی گرژی لە ناوچەکەدا، دانوستان لە نێوان ئێران و ئەمریکا دەستپێکردووە.

هاوکات ڕاگەیەندرابوو، عێراق بە مەبەستی کەمکردنەوەی گرژییەکان، ئامادەکاری کردووە بۆ ناردنی شاند بۆ ئێران و ئەمریکا.

گوتەبێژی ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی ئێران، کەیوان خوسرەوی ڕایگەیاندبوو کە ژمارەیەکی زۆر لە بەڕێرسی بیانی بە نوێنەرایەتی ئەمریکا سەردانی ئێران-یان کردووە و گوتی: بەشێکی ئەم سەردانانە لە لایەن ڕاگەیاندنەکان ئاشکرا کراوە و بەشێکیشی بەنهێنی ماوەتەوە.

هەر لەبارەی ئەو بارگرژییانەوە بەریتانیا نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە کشانەوەی ئێران لە بەشێکی ڕێککەوتنی ناووکی دەبڕیوە و هۆشداری دایە تاران. ماریک فیلد، وەزیری دەوڵەت لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ڕایگەیاندووە: لەم قۆناغەدا باس لە سەپاندنی سزای نوێ بەسەر ئێراندا ناکەین، بەڵام پێویستە ئەوە لەبیر نەکرێت، کە لابردنی سزاکانی سەر ئێران بەرانبەر بە پابەندبوونی ئێرانە لە بواری ناووکی.

بێنیامین نەتەنیاهو، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل پێشتر لەبارەی چەکی ئەتۆمی ئێرانەوە ڕایگەیاندووە، وڵاتەکەی ڕێگا نادات ئێران چەکی ئەتۆمی بەدەست بهێنێت. ئەوەش دوای ئەوە هات کە حەسەن ڕۆحانی، سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران ڕایگەیاند، ئەگەر داواکارییەکانی ئێران جێبەجێ نەکرێن، وڵاتەکەی لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی بە تەواوی دەکشێتەوە و دەست بە پیتاندنی یۆرانیۆم دەکات.

چەند سەرچاوەیەک لە سەرۆکایەتیی فەرەنسا دووپاتیان لەوە کردۆتەوە، ئەگەر ئێران لەو ڕێککەوتنە بکشێتەوە، کە لە ساڵی 2015 لەگەڵ گرووپی وڵاتانی 5+1 واژۆی کردووە، وڵاتانی ئەورووپا سزاکانیان بۆ سەر ئێران دەگەڕێننەوە. ژمارەیەک بەرپرسی فەرەنسی، کە ئاماژە بە ناوەکانیان نەکراوە، بە ئاژانسی هەواڵدەری ڕۆیتەڕزیان ڕاگەیاندووە: ئێمە نامانەوێت تاران بڕیاری خۆی بۆ کشانەوەی یەکجارەکی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ڕابگەیەنێت، چونکە ئەو کات ئێمە و تەواوی وڵاتانی ئەورووپاش ناچار دەبین بە گوێرەی مەرجەکانی ناو ڕێککەوتنەکە، سزاکانی سەر ئێران بگەڕێننەوە.

ئەو بەرپرسانە ئاماژەیان بەوەش داوە، بەو هەنگاوە ئێران دەکەوێتە بەردەم وەڵامدانەوەیەکی بە کۆمەڵی ئەورووپا، بۆیەش ئەوە دەوەستێتە سەر ئەو بڕیارەی کە ئایا تاران بە یەکجارەکی لە ڕێککەوتننامەکە دەکشێتەوە یان نا، دووپاتییشیان کردووەتەوە، وڵاتانی ئەورووپا ئامادەکارییە بۆ تەواوی سیناریۆکان دەکەن.

لە لایەکی دیکەوە بەرپرسێکی دیکەی فەرەنسا ئاماژەی بەوە داوە، کە وڵاتانی ئەورووپا نایانەوێت دۆخەکە بەو ئاستە بگات، بەڵام دەیانەوێت ئێران پابەندی بەڵێنەکانی بێت، ئەمەش کرۆکی ئەو پەیامەیە کە وڵاتانی ئەورووپا ئاراستەی هەریەک لە تاران و واشنتۆنیان کردووە.



بەڕپرسی لقی دووە:
بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان خەمخۆری خانەوادەی شەهیدانین



بەڕپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەسەرکردنەوەی ژەندە خانەوادەی سەربەرزی شەهید لە شاری هەولێر، دووپاتی کردەوە کە دەبنە کەسوکاری خانەوادەی شەهیدانی کوردستان لەگەڵ ئەوەی ناتوانن ببنە جێگرەوەی شەهید.

ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەڕپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری ئاریان سەلاحەدین و ساکار غازی کارگێڕانی لقی دوو و محەمەد تەها بەڕپرسی لێژنەی ناوچەی ئازادی و هەڤاڵ عەبدولعەزیز بەڕپرسی لێژنەی ناوچەی قەڵات و کارۆخ سەعید بەڕپرسی لێژنەی ناوچەی ڕزگاری و هەڤاڵانی ئەو ناوچانەو بەڕپرسی ڕێکخراوەکان، سەردانی چەند خانەوادەیەکی شەهید سنووری ئەو لێژنە ناوچانە کرد.

لەو بەسەرکردنەوانەدا، ئەحمەد کانی وێڕای نیشاندانی ڕێز بۆ خانەوادەی شەهیدان بەرامبەر قوربانیدانی گەورەی شەهیدەکانیان، دووپاتی کردەوە هەرچی بکەن ناتوانن لە ئازاری لەدەستدانی خۆشەویستانیان کەم بکەنەوە، بەڵام دەتوانن ببن بە کەسوکاری خانەوادەی شەهیدان و لە خەمی کێشەو گرفتەکانیان بن بۆ چارەسەرکردنیان، لەگەڵ ئەوەی ناتوانن ببنە جێگرەوەی شەهیدەکانیان.

هەر بەو بۆنەوە، بەڕپرسی لقی دوو لۆگۆی سەرفرازی و شکۆمەندی بە خانەوادەی شەهیدان بەخشی و گوتی: ئێوە سەروەریەکتان بۆ خۆتان و گەلەکەتان تۆمارکردووە، مێژوو نوسیویەتیەوە و هەرگیز لە بیر ناکرێ.

پرسە سیاسییەکانی ئەمڕۆی کوردستان و عێراق و دواپێن پێشهات و گۆڕانکارییەکان تاوتوێ کران



عەلی حوسێن بەڕپرسی پەیوەندییەکانی پارتی پێشوازی لە شاندێکی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان کرد. دوێنێ عەلی حسێن بەڕپرسی بەڕپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبونی بەڕپرسی دیسکی پارتە کوردستانییەکان و ئەندامانی مەکتەب پێشوازی لە غەفور مەخموری سکرتێری یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەتەوەیی کرد. لە دیدارێکدا بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو پرسە سیاسییەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دواین پێشهات و گۆڕانکارییەکان و هەنگاوەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت و گفتوگۆکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان تیشکی خرایەسەر. هەر لەم دیدارەدا باس لەپەیوندی و هەماهەنگی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان و یەکدەنگی و تەبایی سیاسی نێوان هەموو لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەم قۆناغە هەستیارەدا کرا کەبوەتە زەرورەتێکی پێویست بۆ ئێستا و ئایندەی خەڵکی کوردستان و پرۆسە سیاسیەکەی، هاوکات باس لەبەرپرسیارەتی مێژوویی نەتەوەیی و نیشتمانی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان و خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان دوور لە بەرژەوەندی حزبی لە پێناو سەرکەوتن بەسەر ئەم بارودۆخە کرایەوە.

بە نێوەندگیریی لقی 16 کێشەی کۆمەڵایەتیی نێوان دوو بنەماڵە چارەسەرکرا



بەمەبەستی کۆتاییهێنان بە کێشەی کۆمەڵایەتی نێوان هەردوو بنەماڵەی سابیر حوسێن یابە و ئەسعەد مستەفا ئەحمەد لەگوندی گەزنە بەنێوەندگیری و ئامادەبوونی بڵند اسماعیل بەڕپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و چیا محەمەد هەرکی بەڕپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی لق و کارگێڕانی لق و ژمارەیەک لە خانەواده و کەس و کاری هەردوو بنەماڵەی ناوبراو کۆتایی هێنرا بەکێشەی کۆمەڵایەتی نێوان هەردوو بنەماڵەی سابیر حوسێن یابە و ئەسعەد مستەفا ئەحمەد. لەدەسپێکی دانیشتنی ئاشتەوایی نێوان ئەو دوو بنەماڵە بەڕێزەدا بڵند اسماعیل بەڕپرسی لقی 16ی هەولێر وێڕای دەستخۆشی لە هەردوو بنەماڵەی ناوبراو بۆ بەدەنگەوەهاتن و کۆتایهێنان بە کێشەی نێوانیان و ناشتبوونەوەیان هیوای خواست ئەم ئاشتەواییە سەرەتایەک بێت بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان و گیروگرفتەکان لەسنووورەکەداو سوپاسی ئامادەبووانی کردوو دەستخۆشی لەهەموو ئەوکەسانە کرد کە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیانداوەو داوای لەهەردوو خانەوادەی ناوبراویش کرد کە لەمەودوا بەگیانێکی برایانەوە هەوڵی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانیان بدەن و ڕێگە نەدەن جارێکی تر ئەو جۆرە کێشانە دووبارە ببنەوە.

لە کۆتاییدا هەردوو بنەماڵە سوپاسی بەڕپرسی لقی 16ی پارتی دیموکراتی کوردستان و تەواوی ئەو کەسانەیان کرد کە ئەرک و زەحمەتیان کێشا لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکەیان و بەڵێنیاندا پابەندی تەواوی ئەو ڕێکەوتنەبن کە واژوویان لەسەر کردووە و ڕێگە نەدەن جارێکی تر کێشەی لەو جۆرە دووبارە ببێتەوە.

ڕێگای سەرەکیی شێخان ـ ئەتروش تا سنووری قەزای ئامێدی نۆژەندەکرێتەوە



خەبات ـ ئالان شەهاب:

قایمقامی قەزای شێخان ئاشکرای کرد ڕێگای شێخان بۆ ئەتروش و گوندەکانی دەوروبەری بە درێژایی 35کیلۆمەتر لەلایەن کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن بە گۆزمەی 800 ملیۆن دینار نۆژەن دەکرێتەوە.

سەردار یەحیا عەبدولعەزیز، قایمقامی قەزای شێخان بە خەباتی ڕاگەیاند: دوای چەندین گلەیی هاوڵاتیانی ئەتروش کە بە نوسراوی فەرمی بە ئێمە گەشتوون کە ڕێگای سەرەکی شێخان بۆ ئەتروش و گوندەکانی دەوروبەری پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە، لە ڕێگای نوسراوێکی فەرمی داوامان لە پارێزگاری دهۆک کرد، ئەویش لەلای خۆیەوە پەیوەندی بە وەزیری سامانە سروشتییەکانی کردوە و لە ئێستادا بڕیار دراوە کە ئەم ڕێگایە بەدرێژایی زیاتر لە 35 کیلۆمەتر و بە گۆزمەی 800 ملیۆن دینار لەلایەن کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن بۆ ماوەی ساڵێک نۆژەن بکرێتەوە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی پرۆژەکە دەکرێت لەلایەن خۆیەوە.

ناوبراو گوتیشی: ڕێگای قەزای شێخان بۆ ناحیەی ئەتروش تا دەگاتە گوندی نسرا و ڕپەتکێ تا دەگاتە سنوری قەزای ئامێدی لە ناحیەی چەمانکێ دێتە قیرتاوکردن و لە ئێستادا پرۆژەکە کەوتۆتە بواری جێبەجێ کردن و کۆمپانیاکە خۆی بەکاری نۆژەنکردنەوە هەڵدەستێت. هەر لە دوڕیانی خەنس بۆ ئەتروش، دیسان لە دوڕیانی گەلیێ ڕمان تا دەگاتە ناو سەنتەری ناحیەی ئەتروش و بۆ گوندەکانی نسرا و ڕپەتکێ تا دەگاتە سەر سنوری قەزای ئامێدی نۆژەندەکرێتەوە.

پارێزگەها دهۆکێ فتارەک بو 1500 قوتابیێن پشکێن نافخویی بەرهەفکر



خەبات ـ دهۆک:

ب هەلکەفتا هاتنا مەها ڕەمەزانا پیرۆز ول دوڤ بەرنامێ کارگێریا پارێزگەها دهۆکێ بو دانا فتارا بو تەخێن جودا جودا ئێڤاریا 2019/5/28 فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهۆکێ ب ئامادەبونا جێگرێن پارێزگەری فتارە دگەل قوتابیێن پشکێن نافخویی خوار. بڤێ هەلکەفتێ پارێزگەرێ دهۆکێ بناڤێ کارگێریا پارێزگەها دهۆکێ و خەلکێ پارێزگەهێ کوردستانێ. پارێزگەرێ دهۆکێ تەکەزکر کو نیچیرڤان بارزانی پترە بیست سالایە وەکو سەرکردەکێ خودان ئەزمون وشیان خزمەتا حکومەتا هەرێمێ وخەلکێ کوردستانێ کریە ورولێ وی یێ بەرچاڤە ل سەر ئاستێ هەرێمێ وئیراقێ وجیهانێ وهیڤی خاستن کو ل دویڤ دەستهەلاتین وی هەین ئەو پشتەڤانیێ ل پارێزگەها دهۆکێ بکەت وژین وژیارا خەلکی خوشبکەت وسەرکەفتن بو جەنابی وی خواست. سەبارەت ئامادەکرنا فتارێ بو قوتابیێن پشکێن نافخویی گوت: فتارە ل دوڤ بەرنامێ کارگێریا پارێزگەها دهۆکێ بو تەخێن جودا جودا هاتینە ئامادەکرن وفتارا ئەڤرو بو قوتابیان هاتیە ئامادەکرن وەکو پشتەڤانییەکا مەعنەویە بو قوتابیان نەخاسمە نوکە وەرزێ ئەنجامدانا ئەزمونایە ودەست خوشی ل قوتابیێن بەرهەڤبوی کر وهیڤی خاستن ئەنجامێن باش ژی ب دەستڤەبین. هەژی گوتنێ یە ستافێ کارگێری یێ پارێزگەهێ فتارە بو نێزیکی 1500 قوتابیێن پشکێن نافخویی ل ناڤەندا پارێزگەهێ ئامادەکربوو. بریار ئەوە ل ڕوژێن بەهێت ژی کارگێریا پارێزگەهێ چەند فتارێن دن بو تەخێن جودا جودا بەرهەڤکەت.

لە کوردستان تۆمارکردنی کۆمپانیاکان دوو هێندە زیادی کردووە



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم بە خەباتی ڕاگەیاند: لەبەر ئەو سەقامگیری و ئارامیەی لە هەرێمی کوردستان هەیە جموجۆلی بازرگانی و ئابووری ساڵ لە دوای ساڵ بەرەو پێشەوە دەڕوات، بۆیە تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بۆ دوو هێندە زیادی کردووە، جگە لەوەش قەبارەی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی وەک تورکیاو ئێران 18 ملیار دۆلارەو چاوەڕوان دەکەین هێشتا زیاتر بێت، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو جموجۆلی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان هەنگاوی باشی بڕیوە بەپێی تۆمارکردنی ئاماری چوار مانگی ئەمساڵ زیاتر لە 50 کۆمپانیای بیانی و ناوخۆیی لە کوردستان تۆمارکراون، ئەوەش دوو هێندەی ژمارەی پارسالەو حکومەتیش بە هەموو شێوەیەک گرنگی بە بازرگانان دەدات و کارئاسانی تەواو یان بۆ دەکات بۆ ئەوەی جموجۆلی بازرگانی لە کوردستان زیاتر گەشە بکات و ئێمەش لە وەزارەتی بازرگانی هەرێم پالپشتی تەواو لە بازرگانان دەکەین.

کریستیانەکان لەبارەی سووتانی دەغڵودانی دەشتی نەینەواوە هۆشداری دەدەنە بەغدا

کریستیانەکانی دەشتی نەینەوا، هۆشداریان داوەتە بەغدا لە سووتاندنی دەغڵودانەکانیان و پەرلەمانتارێکی کریستیانیش دەڵێ، مەترسی لەسەر گەنمی جووتیارانی کریستیان هەیە و چەند حاڵەتێکی سووتانیش تۆمار کراون.

ڕۆبینا تیاری، پەرلەمانتاری کریستیان لە پەرلەمانی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بەشێکی زۆری کریستیانەکانی دەشتی نەینەوا بە هۆی بژێویی ژیانیان گەڕاونەتەوە شوێنەکانیان و ئەمساڵ زەوییەکانیان چاندووە بە گەنم، بەڵام لەگەڵ ئەو پرۆسەیەی سووتاندنی گەنمی جووتیاراندا، مەترسیەکی گەورە لەسەر دەغڵودانی کریستیانەکانی دەشتی نەینەواش دروست بووە.

پەرلەمانتارەکەی کریستیان دەڵێت: هەندێ حاڵەت هەبووە لە سووتاندنی گەنمی جووتیارانی کریستیان، بەڵام نەگەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی وەک ناوچەکانی دیکەی خانەقین و کەرکووک و مەخموور بەربڵاو بێت. تیاری، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: کریستیانەکان لە ڕێگەی نوێنەرانەکانیانەوە هۆشداریان داوەتە حکومەتی عێراق لە مەترسیی سووتاندنی بەرهەمی ئەمساڵیان، چونکە حکوومەتی بەغدا بەرپرسە لە بەرامبەر ئەو ڕووداوانەو پێویستە بەرگری لە هاووڵاتیان بکات، بە تایبەتی هێزی میلیشیات لە دەشتی نەینەوا هەن و کریستیانەکان ترسیان هەیە هاوشێوەی ناوچەکانی دیکەیان بەسەر بێتن.

بەرپرسێ لقێ 9: شورشا 26ێ گوڵانێ هیڤی د دلێ خەلکێ هەر چوار پارچەیێن کوردستانێدا چاندن



لدرێژەدان ب کاروچالاکییێن لقێ 9 ب هەلکەفتا 43مین سالڤەگەرا شورشا 26ێ گولانێ و ل هولا بارەگایێ لیژنەیا ناوچا بەردەرەش و ب بەرهەڤبوونا هژمارەیەکا ئێکجار زور و پێشمەرگەهێن دێرین یێن شورشا گولانێ، لیژنەیا ناوچا بەردەرەش سمینارەک بو سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ 9 سازکر و دڤێ سمینارێ بەرپرسێ لقێ9 ئاماژە دا هەر لدەستپێکا هەلگیرساندنا چریسکا ئاگرێ شورشا 26ێ گولانا پێشکەفتنخواز ب رێبەرایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و بابێ رۆحی یێ نەتەوا کورد مستەفا بارزانی و خویا ژی کو ئەڤ هەلکەفتا هەلکەفتەکا پیروزە ددیروکا خەلکێ کوردستانێ دا چونکە دیواریێن بێ هیڤی و بێ ئومێدیێ هاتنە هەرفاندن و پەرژانێ ترسێ و گومانێ ب ئاگرێ لویلیا تڤەنگێن پێشمەرگەیی هاتنە شەوتاندن، دیسان بەرپرسێ لقێ 9 گوت: شورشا گولانێ هیڤی ددلێ هەمی خەلکێ کوردستانێ دا چاند ل هەر چوار پارچێن کوردستانێ ولسەر باوەری و ئامادەیا پێشمەرگەیی بۆ قوربانی دانێ ل پێناڤی نەهێلانا زوردارییێ و هێزا ڕوح و خوراگریا مرۆڤی نیشتیمانپەروەر هاتە دروست کرن، لدویماهیێ رێز لێنان بسەر پێشمەرگەهێن دێرین هاتنە پارڤەکرن.

ژنالیەکێ دیڤە و ئێڤارە خارنیەک ژ لایێ لقێ 9 بو قوتابییێن کولیژو پەیامنگەهێن تەکنیکی ل سنورێ قەزا ئاکرێ هاتە ڕێکخستن.

هەولێر... زەوی بەسەر سوودمەندانی پرۆژەی گوندی کۆری دابەشکرا



دوێنێ لە شاری هەولێر و بە ئامادەبوونی نەورۆز مەولوود، وەزیری شارەوانی و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر، ڕێوڕەسمی تیروپشکی دابەشکردنی زەوی بەسەر زیانلێکەوتوانی پرۆژەی نیشتەجێبوونی کۆری بەڕێوە چوو. لەمبارەوە نەورۆز مەولوود، وەزیری شارەوانیی هەرێمی وکردستان لە پرێس کۆنفرانسێکدا بۆ میدیاکان گوتی: دوای ماوەیەک و بە چاودێریی سەرۆکایەتیی شارەوانی هەولێر و پارێزگار تواندرا گرفتی هاوواڵتیانی زیانلێکەوتوو لە پرۆژەی نیشتەجێبوونی گوندی کۆری چارەسەر بکرێت، بۆیە شوێنێک لە نزیک گوندی گەزنەی نزیک عەنکاوە دەستنیشان کراوە کە ئەو هاووڵاتییانە بتوانن خانووی لێ دروست بکەن. گوتیشی: ڕێوڕەسمی تیروپشکەکە بە ئامادەبوونی داواکاری گشتیی هەولێر بەڕێوە چوو و هاوکات نوێنەری هاووڵاتییانی بەشداربووی پرۆژەی گوندی کۆریش ئامادە بوو، بۆ خزمەتگوزارییەکانیش لەگەڵ سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر و بە هاوکاریی وەزارەتی دارایی و پارێزگار هیوادارم بتوانین سەرجەم خزمەتگوزارییەکان بە نۆرە دەست بە جێبەجێکردنیان بکرێت.

زیاتر لە چوار هەزار هاووڵاتیی کەلە پرۆژەی گوندی کۆری پێشتر پارەی خانوونی نیشتەجێبوونیان داوە، دەیێ قەرەبوو بکرێنەوە، بەپێی زانیاریەکان120 کەس لەو ژمارەیە خانوویان وررگرتووە و باقییەکەشیان لەو تیرپشکەدا زەویان بەر دەکەوێت.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بنەماڵەی بەڕێزی هونەرمەندی وێنەگر زیاد تەنیا

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی دواکۆچی هونەرمەندی وێنەگر زیاد تەنیا-مان بیست.

زیاد تەنیا یەکێک بوو لە کامێرەمانە بە سەلیقەکانی نێو ڕاگەیاندنی کوردی و سالانێک لەتەلەفزیۆنی هەرێم و دواتر لەکەناڵی ئاسمانی نەورۆزی سەر بە وەزارەتمان کاری کردوە و جێپەنجەی دیارە.

بەم بۆنە خەمناکەوە، بەناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پرسە و ماتەمینی خۆمان ڕادەگەیەنین و خۆمان بە هاوخەمی بنەماڵە بەڕێزەکەتان و دۆستانی دەزانین.

گیانی ئارام بێت.

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

وەزارەتی کشتوکاڵ هاوردەی پەلەوەری لە چەند وڵاتێکەوە بۆ کوردستان ڕاگرت

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

جەمال ئاکرەیی بەڕێوەبەری کەرەنتینەی ڤێتەرنەری ڕوونیکردەوە: مانگانە ئەو وڵاتانەی کەپەلەوەر و ئەو پێویستانەی تێدا هاوردە دەکرێت بۆ کوردستان گۆڕانکارییان تیا دەکرێت بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی ئەنفلۆنزای پەلەوەر وەزارەتی کشتوکاڵ بڕیاریدا هاوردەی پەلەوەر لە چەند وڵاتێکی دەرەوە قەدەغە بکات بۆ ناوخۆی کوردستان، بەردەوامیش لە ڕێگەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهان ئەو وڵاتانەی کە نەخۆشی ئاژەڵ و باڵندەو پەلەوەر بڵاوەپێتەوە ئاگادار دەکرێنەوە، بۆیە ئێمەش هاوردەکان بەتایبەتی گۆشت و پەلەوەر لەو وڵاتانە دەوەستێنین.

لە سیمنارێکدا پڕۆژەیەکی مەکتەبی دیراساتی پارتی دەخرێتە بەر دیدی ئامادەبووان



بە مەبەستی تاووتوێکردن و گفتوگۆکردن لەسەر ناوەڕۆکی پڕۆژەیەکی نوێی مەکتەبی دیراساتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبارەگای لقی16 بە ئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و کارگێڕو بەرپرسی لیژنە ناوچەکان و ژمارەیەکی زۆر لە کادیرانی سنوورەکە سیمنارێک بۆ دکتۆرە چنار سەعد عەبدوڵا ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێکخرا.

لە دەسپێکی سیمارەکەدا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر باسی لەگرنگی ئەو پڕۆژانە کرد کەدەبنە مایەی گرنگیدانی زیاتر بەتوانای کادیران لەپێناو پێشخستن و سەرکەوتنی کارەکانیان، بێگومان ئەمەش پێویستی بە هەڵوەستەی زیاتر هەیە بۆ دیاریکردنی میکانیزمی جێبەجێکردنی پڕۆژەی لەو جۆرە، لەگەڵ ئەمەشدا سەرکەوتنی ئەو پڕۆژەیە واتا دروستکردنی کادیری یەک ڕوانگەو یەک ئایدیا بۆیە پێویستە بەهەموو توانایەکمانەوە هەوڵی سەرخستنی پڕۆژەکە بدەین.

دواتر چنار سەعد عەبدوڵا پڕۆژە تازەکەی مەکتەبی دیراساتی پارتی دیموکراتی کوردستانی بەردیدی ئامادەبوان و یەکەیەکەی خاڵەکانی پڕۆژەکەی بۆ بەشداربووانی سیمنارەک شیکردەوەو داوای لەئامادەبووان کرد بەئامانجی پێشخستن و زیاتر دەوڵەمەندترکردنی پڕۆژەکە گفتوگۆی لەسەر بکەن، کە گرنگی بەچەند بواریک دەدا بۆ پێگەیاندنی کادیر کە بە بەردی بناغەی هەموو پارت و ڕێکخراوێک دادەنرێت و پڕۆژەکەش دیدگاو توانای کادیر فراوانتر دەکات لەکاری پارتایەتیدا.

بەرپرسی لقی 24ی سەفین یانەی وەرزشی شەقلاوە خەڵات دەکات



دوێنێ، هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی24ی سەفینی پارتی پێشوازیی لە سەرۆک و دەستەی یانەی وەرزشی شەقلاوە کرد.

لەدانیشتنەکەدا باسی چۆنیەتی بەرەوپێشبردنی وەرزشی شەقلاوە و ئەو سەرکەوتنە یەک لەدوا یەکانەی یانەی شەقلاوە کرد کە لەم دواییانەدا بەدەستیهێنان، کە بریتی بوون لەسەرکەوتنی بۆ خولی پلە یەکی کوردستان و بەدەستهێنانی جامی یانە پلەدوەکان بۆ تۆپی پێ، وێڕای پیرۆزبایی خۆی، بەرپرسی لق هەموو پشتیوانیەکی بۆ دووپات کردنەوە.

لای خۆشیانەوە سەرۆکی یانەی شەقلاوە فەرهاد خەیات بەناوی یانەکەیانەوە سوپاسی بەرپرسی لقی 24ی سەفینی کرد کە وەک بەرپرسێکی شەقلاوە هەردەم پاڵپشت و پشتیوانی یانەی شەقلاوە بووە. دواتر هیوا ئەحمەد مستەفا وەک ڕێزێک بۆ ڕابردوو و سەرکەوتنەکانی یانەی شەقلاوە خەڵاتی تواناپێدانی لقی 24ی سەفینی پێشکەشکردن.

جێی ئاماژە پێدانە دوای بەژداریکردنیان لە خولی یانە پلە دوەکانی کوردستان، لە 16ی ئایاری 2019 لەیاریی کۆتایی ڕووبەڕووی یانەی چەمچەماڵ بوویەوە و توانی یاریەکە لە بەرژەوەندی خۆی کۆتایی پێ بێنێت و ببێتە پاڵەوانی خولی تۆپی پێی یانە پلەدوەکانی کوردستان و سەرکەوێت بۆ پلە یەکی کوردستان.

ئاستەنگی هاتووچۆی ئوتومبێل و جەنجاڵی ڕێگای کۆیە چارەسەرکرا

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

لەسەر بڕیاری نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر ئەو جەنجاڵییەی کە لەسەر ڕێگای کۆیەو لەبەردەم ساردەمەنیەکان هەبوو چارەسەرکرا، ئەویش دوای ئەوە هات کە ژمارەیەک هاووڵاتی گلەیی و گازندەی زۆریان هەبوو لەو جەنجاڵییەی کە لەبەردەمی ساردەمەنیەکان دروست دەکرد، ئەوەبوو بە هاوکاری و هەماهەنگی هاتووچۆو بەشی پۆلیسی شارەوانی کاری پێویست بۆ نەهێشتنی ئەو جەنجاڵیە کرا، چونکە ڕۆژانە لەبەردەمی ساردەمەنیەکان ژمارەیەکی زۆری ئوتومبێللا دەوەستن بۆیە ئەو جەنجاڵیە نەماو چارەسەرکراو ئەو زیادەڕۆییەی کە هەبوو لادران و ئێستاش شەقامەکە ئاسایی بۆتەوەو ڕۆژانەیش بەردەوام چاودێری هەموو شەقامەکان دەکرێت تا چیتر جەنجاڵی لەشەقامەکان دروست نەبێت.

فڕۆکەکانی تورکیا سێجار چیای کورەژاریان بۆردوومانکرد



تورکیا چالاکییە سەربازییەکانی لە سنووری قەزای ئامێدی لە پارێزگای دهۆک زیادکردووە و، دوێنێ سێجار چیای کورەژاری لە سنووری شارۆچکەی شێلادزێ بۆردوومانکردووە. لە کاژێر 09:15ی دوێنێوە 2019/5/29 فڕۆکەکانی تورکیا سێجار چیای کورەژاریان بۆردوومان کرد، کە بەسەر شارۆچکەی شیلادزێ دەڕوانێت، هێشتا زیانەکان نەزانراون. وارشین سەلمان، بەڕێوەبەری شارۆچکەی شێلادزێ بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند لەم هەفتەیەدا ئەمە دووەم جارە فڕۆکەکانی تورکیا چیای کورەژار بۆردوومان دەکەن، بەڵام چونکە شوێنی بۆردوومانەکان ناوچەی چیایین، هێشتا زیانەکان نەزانراون. دەربارەی کاریگەریی ئەو بۆردوومانە لەسەر خەڵک، بەڕێوەبەری شارۆچکەی شێلادزێ دەڵێ دەنگی فڕۆکەکان و بۆردوومانی بەردەوام خەڵکی ناوچەیەیان بێزارکردووە و، کاریگەریشی لەسەر خەڵکی گوندەکان کردووە و ناوێرن بە هیچ شێوەیەک بچنەوە گوندەکانی خۆیان لە سنووری نێروەرێکان. وارشین سەلمان جەخت دەکاتەوە لەوەی جارانیش هەر بۆردوومان و تۆپباران هەبووە، بەڵام ماوەیەکە بووەتە هەفتانە، هەر هەفتەی جارێک یان دووجار ئەم ناوچانە بۆردوومان دەکەن. بەپێی بەدواداچوونەکانی ڕووداو؛ بەهۆی بەردەوامیی بۆردوومان و تۆپبارانکردنی ناوچەکە لەلایەن تورکیاوە، زیاتر لە 20 ساڵە 365 گوند لە سنووری قەزای ئامێدی چۆڵکراون و جگە لە زیانی مادەدی، لە 2018ەوە تاوەکو ئێستا 20 کەس لە خەڵکی سڤیلی قەزای ئامێدی بوونەتە قوربانی ئەو بۆردوومانەی گەریلاکانی پەکەکە لە ناوچەکە و، گیانیان لەدەستداوە.

گەنجێکی تەمەن 19 ساڵ کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا



هۆگر عەزیز وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بەمالپەڕی کوردستان تیڤی ڕاگەیاند: کاتژمێر 6:30ی بەیانی چوارشەمە 2019/6/29 پۆلیس ئاگادار کرایەوە بەڕووداوێکی خۆکوشتن لە کارگەیەکی کۆنکرێت دروست کردن، وتیشی: دوای گەیشتنی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان بەشی کوشتن بۆ شوێنی ڕووداوەکە گەنجێک بە ناوی دیار سردار سەباح تەمەن 19 ساڵ کە پیشەی پاسەوانە لە کارگەیەکی کۆنکرێت دروستکردن، خۆی کوشتوە.


وتەبێژی پۆلیسی هەولێر ڕاشیگەیاند تەرمی گەنجەکە ڕەوانە پزیشکی دادی کراوەو پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە ڕێکخرا و بەلگەکانیش کۆکرانەوە. هەروەها وتیشی دادوەر بڕیاری دا بە وەرگرتنی وتەی داواکاری مافی کەسی.

دوای حەوت ساڵ بکوژی تۆمەتبارێک دەستگیرکرا

یەزەکانی بنکەی پۆلیسی تاسڵوجە تۆمەتبارێکیان دەستگیرکرد کە لەساڵی 2012دا کەسێکی کوشتووەو هەڵاتووە. دوێنێ، لەڕاگەیاندراوێکدا کە وێنەیەک دەست مالپەڕی کوردستان تیڤی کەوتووە، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ڕایدەگەیێنێت، ڕۆژی 2012/5/26 لە گەڕەکی تاسڵوجە لەشاری سلێمانی هاوڵاتی)د، ا، م) کوژراو تۆمەتباری ڕووداوەکە بەنادیاری مایەوە، دوای بەدواچونی هێزەکانی پۆلیسو لێکۆڵینەوەکان سەرەداوی ڕووداوی کوشتنەکە ئاشکراکراو توانرا ڕۆژی 2019/5/28 و دوای حەوت ساڵ لەلایەن بنکەی پۆلیسی تاسڵوجەوە تۆمەتباری ڕووداوەکە دەستگیربکرێت. پۆلیس دەشڵێت تۆمەتبار (ک، م، ق) لەدایکبووی 1978بە بڕیاری دادوەرو بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عیراقی ڕاگیراوەو لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن.



سەرۆکایەتیی هەرێم دەبێتە چەتری هەموو پێکهاتەکانی کوردستان



کاروان محەمەد سینۆ

پێرێ سێشەمەی 28ی گوڵان 2019 هەرێمی کوردستان هەناسەیەکی دیکەی هەڵکێشا کە پێشترپێی تەنگە نەفەس ببوو!، ئەویش کارابوونی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە. پاش پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 2018/9/30 تاکو پێرێ 28ی گوڵان 2019 واتا نزیکە نۆ مانگ یاخود (268رۆژ). پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە حاڵەتی کار بەرێکردندا بوون، نەیدەتوانی هیچ یاسایێک و بڕیارێکی چارەنووساز جێبەجێ بکەن، بەم شێوەیە ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانیش گۆشەگیر بوو. خەڵکی کوردستانیش لە روانگەی نیشتیمان پەروەری خۆیانەوە بە پشوویێکی درێژ و فراوان لە خاتر و چاوەروانی حزب و لایەنە کوردستانییەکان بوون کە رێککەون بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و پێکهێنانی حکوومەتی کوردستان. خۆشبەختانە سێشەمەی رابردوو ئەم خەون و خواستەی خەڵکی کوردستان هاتە دی.

نێچیرڤان ئیدریس مستەفا بارزانی بووە سەرۆکی هەرێمی کوردستان

سێشەمەی رابردوو 28ی گوڵانی 2019 لە پەرلەماندا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە ئامادە بوونی 81 ئەندام پەرلەمان و بایکۆتی فراکسیۆنی یەکێتی و نەوەی نوێ، نێچیرڤانی بارزانی بە 68 دەنگ واتا (نزیکەی 80% دەنگەکەکان) بۆ چوار ساڵی داهاتوو بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا.

دوابەدوای هەڵبژاردنی نێچیرڤان ئیدریس مستەفا بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و(تاکو نووسینی ئەم گوتارە) پەیتا پەیتا زۆربەی وڵاتانی جیهان و دەوروبەر راستەوخۆی و لە رێگای کونسوڵەکانیانەوە لە هەولێر، خۆشحاڵی خۆیان و پیرۆزبایی هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانییان ڕاگەیاند. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە نێچیرڤان بارزانی کەسایەتی و کارەکتەرێکی کاریزما لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەقلیمی و عێراق کە ئەمڕۆ کوردستان و عێراق و جیهان پێویستی پێیەتی، هەڵبەت سەالانی خەبات و حوکمڕانی نێچیرڤانی بارزنی لە نێو پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومڕانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و چالاکییەکانی بارزانی لە بواری پەیوەندییە ئەقلیمی و نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسییەت و زاڵبوونی بەسەر قەیرانە جودا جوداکاندا (سەنگی مەحەکن) بۆ شیان و توانا و ئەزموونی نێچیرڤان لە دەوڵەتمەداریدا.

ئێمە دڵنیاین کە لەوادەی سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانیدا، سەرۆکایەتی هەرێم دەبێتە چەترێ یەکڕیزی و کۆکەرەوەی سەرجەم هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و پێکهاتە ئیتنی و ئایینییەکانی دەبێت، بە جیاوازیی بیر و بۆچوونەکانیانەوە، لە پێناوی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و ئارامیی گەلی کوردستاندا. هەروەها ئارامی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی زامن دەبێت، هەروەها مافەکانی تاک و کۆمەڵگا، لە ئامانجە سەرەکییەکانی نێچیرڤان بارزانی دەبێت. لەلایەکی دیەوە بە گرتنەبەری ڕێگای دیالۆگ لە چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە چوارچێوەی دەستووردا ئەرکێکی دیکەی نێچیرڤان بارزانییە. هەروەها پاراستنی پەیوەندیی دۆستانەی بەهێز لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە و بەردەوامیدان بە بەهێزکردنی پێگە و سەنگی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی کە نێچیرڤان بارزانی شارەزایی و پسپۆڕی تەواوی لەم بوارەدا هەیە، کوردستان بەرەو پاشەرۆژێکی ئارام و بەهێز ئاراستە دەکات. هەروەها لەسایەی نێچیرڤان بارزانیدا سەرۆکایەتی هەرێم دەبێتە سەکۆی ئیراده و خواست و مافەکانی هەموو خەڵکی کوردستان، بەبێ هیچ جیاکاری و پەرگیرییەک.

بۆچی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بێ کۆسپ و ئاستەنگ نەبوو؟!

وێرای ئەوەی پارتی هەموو هەوڵێکیدا کەپرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کەش و هەوایەکی برایانە و تەبایی و یەکریزی نیشتیمانی ئەنجام بدرێ و بۆ ئەم مەبەستە چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ برایانی یەکێتی لە هەولێر و سلێمانی ئەنجامدا، هەروەها هەرلەسەر ئەم مژارە پارتی دوو رێکەوتنی لە گەڵ برایانی یەکێتی ئیمزاکرد (رێکەوتنی یەکەم لە 2019/3/4 رێکەوتنی دووەم لە 2019/ 5/5 بێجگە لەوەی چەندین جاری دیکە کۆڕ و کۆبوونەوە لەسەر ئاستی شاند و مەکتەبی سیاسی و سەردانی بەرپرسانی باڵا لە نێوان هەردوولادا ئەنجامدار، تەناتە دواجار (20 کاتژمێر) بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەنێو پەرلەمانی کوردستان، واتا لە ئێوارەی دووشەمە 27ی گوڵان، بەپێی لێدوان و ڕاگەیەنراوەکانی برایانی یەکێتی ، مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆبوونەوە و لە ئەنجامدا فراکسیۆنی خۆی لە پەرلەمانی کوردستان ڕاسپارد کە لە چوارچێوەی ئەو ڕێکەوتنەی نێوان یەکێتی و پارتی و گۆڕان هەیە، دەبێ هەر 21 کاندیدەکانی یەکێتی لە پەرلەمان دەنگ بە نێچیرڤان بارزانی بدەن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. کەچی ڕۆژی پاشتر (سێشەمە 28ی گوڵان) فراکسیۆنی یەکێتی لەپەرلەمانی کوردستاندا لەسەر زاری (بێگەرد تاڵەبانی) بە فراکسیۆنی پارتی ڕاگەیاند کە نابێ ئەوان بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەن (بێ ئەوەی هیچ ئەگەر و هۆکارێک بخاتەروو) ؟!. ئەمەش جێگای هەڵوەستە و بەدواداچوونە!. ئەگەر برایانی یەکێتی نیازی وردەکاری زیاتریان هەبوو لە پرۆسەکەدا، بۆچی یەکێتی (چەند ڕۆژێک پێشتر) پارتی ئاگادار نەدەکردەوە لەم هەڵوێستەی خۆی؟!. دەرەنجام ئەم هەڵوێستەی برایانی یەکێتی، پێم وایە دوو ڕەهەندی سەرەکی لەخۆ دەگرێ.

ڕەهەندی یەکەم: یەکێتی لە ئاستی سەرکردایەتی خۆیدا، کێشەکانی زیاتر تەشەنەی کردووە و لەبەر چەند ئەگەرێک (کە ناکرێ لە ئێستادا باسی بکەین)؟! یەکێتی بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم نەکردووە. ئەگینا پاش دوو رێککەوتن لەگەڵ پارتی چۆن و بۆچی؟! پشت لە رێکەوتنەکە دەکەن!!.

ڕەهەندی دووەم: پێم وایە (باڵێکی نێو سەرکردایەتی یەکێتی)؟! کەوتۆتە ژێر هەژموونی (ئەجندایەکی دەرەکی) کەناخوازێ پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک و پێک هاتنی دامودەزگا شەرعییەکانی کوردستان سەرکەوێت ؟!. بۆیە (کوتوپڕ) بێ پێشەکی پاشگەزی ڕێکەوتنەکانیان بوونەوە لە گەڵ پارتی.

بەاڵم ئەم دوو ڕەهەندە دژی خواست و ئیراده و بەرژەوەندی و داهاتووی خەڵکی کوردستانە، بۆیە نەدەبوایە برایانی یەکێتی تەنها بیر لە بەرژەوەندی بەرتەسکی خزبی (باڵێکی سەرکردایەتی خۆیان) بکەنەوە و متمانەی پارتی و خەڵکی کوردستان لەدەست بدەن و لەم دوورەهەندەوە بگلێژن.

پارتی لەسەر دیاری کردنی پارێزگای کەرکووک لە گەڵ یەکێتی ڕێک کەوتبوو

لە گۆشە نیگای بڕوای پارتی دیموکراتی کوردستان بە بنەماکانی بەرپرسیتی هاوبەش لە حوکمڕانی و زیاتر خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان و پرۆسەی چاکسازی، پارتی لە /2019 3/4 رێکەوتنی لەگەڵ برایانی یەکێتی ئیمزاکرد. دواتریش بەلەبەرچاوگرتی پرەنسیپی شەراکەت لە حوکمڕانیدا، دیسان پارتی لە 2019/5/5 رێکەوتنێکی دیکەشی لەگەڵ یەکێتی ئیمزاکرد لەسەر ئەو پشک و پلانەی کە یەکێتی لە حکوومەتی داهاتووی کوردستاندا دەخوازێت. لە رێکەوتنی ڕۆژی 2019/3/ 4 لە روانگەی پرۆژشی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم (بەتایبەت پاش ڕووداوە شوومەکەی 16ی ئۆکتۆبەر)، بەپێی رێکەوتنی نێوان سەرۆک مەسعود بارزانی و بەرێز کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، پارتی (بەناو) لەسەر دیاریکردنی پارێزگاریێکی کورد بۆ کەرکووک لەگەڵ یەکێتی رێککەوت، ئەویش دوابەدوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەی لە نێوان سەرۆک بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵ بوو، هەردوولا رێککەوتن لەسەر دیاری کردنی بەرێز فەرهیدون عەبدولقادر بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک، شایانی باسە دوێنێ چوارشەمە 28ی گوڵان لە ڕوونکردەوەیەکدا بەرێز فەرهیدون عەبدولقادر ئەم ڕاستییە خستۆتە ڕوو. هەروەها تەنانەت دەربارەی پۆستی وەزیری داد لە بەغدا، لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن لە نێوان سەرۆک بارزانی و کوسرەت ڕەسوڵ هەبوو لەسەر دیارکردنی کەسێکی کوردی بێالیەن بۆ ئەم پۆستە. بۆیە جێگەی سەرسوڕمانە!! کە برایانی یەکێتی بەم شێوەیە پشت لە رێکەوتنەکان دەکەن، ئەمەش گەواهی ڕاستیی ئەو دوو ڕەهەندەیە کەلەسەرەوە باسمانکرد.

بێگومان هەموو خەڵک و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان چاک دەزانن کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەسەرتاوە تێگەیشتن و بەرچاو ڕوونی هەبووە بۆ کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی و لەم ڕوانگەیەوە سیاسەتی (سەربری ئەیوب) و ئاسانکاری بۆ برایانی یەکێتی کردووە، هەرئەمەش بوو هۆکاری دواکەوتنی پێکهێنانی دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەو دواکەوتنەش تاکو ئێستا زیانی هەبووە بۆ پێگەی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی سیاسی عێراق و تەنانەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، هەروەها زیان و کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان کە ناکرێ چیدی درێژەی هەبێ.

هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان چی دەگەیەنێت؟



د. هۆشیار مزهەر عەلی ئەمین*

هێشتا سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کە بۆ چەندین جار سەرۆک وەزیرانی بووە، یەکێکە لە کۆڵەگەی سیاسیی کورد لە کوردستان بە گشتی و لەناو پارتی بەتایبەتی و تایبەتتر لە ناو خێزانی بارزانی. نێچیرڤان بارزانی یەکێکە لەو لاوە سیاسییانەی کە سەرکردایەتی ماوەیەکی هەڵبەز و دابەزی قۆناغێکی گرنگی هەرێمی کوردستانی کردووە بەتایبەتی پاش 2003، بۆیە سەرۆکایەتی کردنی ئێستای بۆ هەرێمی کوردستان قۆناغێکی زۆر گرنگە لە قۆناغە زۆر هەستیارەکانی تەمەنی هەرێم، کە لە خۆیدا خەونێکمانە و ئومێدی ئەوەمان پێی هەیە لە دوارۆژدا ببێتە دەوڵەتێکی کوردستان، کە هەموو کوردەکان لە دەوری خۆیدا کۆبکاتەوە.

نێچیرڤان بارزانی، وەک گروپی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و سەرکردایەتی سیاسیی ململانێیەکان لە عیراق لە هەندێک شۆڕشەکارییەکانی پەسنی کردووە: (پیاوەی دەوڵەتە و هاوکات شارەزایی لە کاری ناوەخۆ و نێودەوڵەتی دا هەیە). بۆ خۆی پێشتر و ئێستاش دانووستکارێکی بە زەحمەت بووە کاتێک داوای مافەکانی کورد دەکات. لە هەندێک لە دیدارەکانی لەگەڵ معد فەیاز و بڵاوکراوەکانی شەرق ئەلئەوسەتی لەندەنی، دەڵێ:" دوو تێڕوانینی جیاواز بۆ شتەکان هەیە لە بەغدا، یان دەبێت هەمووشتێک بێت، یان دەستووریێکمان هەیە، کە 80٪ عیراقییەکان دەنگیان پێی داوە و بەپێی ئەو دەستوورە هەڵسوکەوت بکەین، لەبارەی تێڕوانینی یەکەم، هێشتا هەستکردن بە سەنتریالی بەهێزە، لە کاتێکدا ئێمە لە روانگەی دەستوورەوە سەیری شتەکان دەکەین، ئومێدەوارم بگەین بە ڕێگاچارەیەک". ئەم دەقە دەاڵمەت لە تێڕوانینی ستراتیژیی ئەو دەکات و ڕەنگە ئەمەی لە باپیری مستەفا بارزانی سەرکردە و مسعود بارزانی مامی سەرباری کاکە ئیدریس بارزانی هەمیشە لەیادی باوکی بۆ بەجێماہێت. سەرباری هەموو ئەمانە بۆماوەی بیری پارتی و بزاڤی رزگاریخوازی نوێی کورد و هاوچەرخ، کە چۆتە ریزەکانی و لە ڕێگەی ئەمەوە بۆتە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی. سەرباری تێڕوانینی کوردانەی نێچیرڤان بارزانی تێڕوانینێکی گرنگی عیراقیشی هەیە، کە هەموان ڕۆڵیان هەبووە لە کەسایەتییە میانڕەوانییانەکەی دا. بۆ بەڵگەی ئەمەش لە هەندێک لە لێدوانەکانی دەڵێت:"ئێمە لە نیشتمانێکدا دەژین ناوی عیراقە، بەش بەحاڵی خۆم لە منداڵییەوە لە عیراق چاوم هەڵنەهێناوە و گەورە نەبوومە، بەاڵم زۆرمان پێ ناخۆشە، کە دەبینین بارودۆخی عیراق سەقامگیر نییە، ئێمە دەمانەوێت لە خۆشی و لە ناخۆشیدا لەگەڵ عیراقییەکان بین، دەمانەوێت ڕۆڵمان هەبێت لە بنیاتنانی عیراقی نوێ دا، کە تیایدا هەموو عیراقییەک هەست بە دڵنیایی بکات، من کاتێک هەڵبژاردەی عیراق یاری تۆپی پێ دەکات ئینتیمام بۆ ئەو هەڵبژاردەیە هەیە و هانی دەدەم و ئومێدەوارم بباتەوە، ڕەنگە ئەمە لە خۆیدا ئینتیما بێت. هەروەک تێڕوانینی خۆشی هەیە لەبارەی قەیرانەکانی هەرێم بەگشتی دوای ریفراندۆم قەیرانەکانی تایبەت بە کەرکووک بەشێوەیەک ئیدارەی قەیرانەکان لە کۆلێژەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان دەست بۆ جێگیریەکانی کورد و کوردستان نابات. ئەو تێڕوانینی پێویست دەخاتەڕوو بۆ کەرکوکی دوێنێ و ئەمڕۆ، دەڵێ:"ڕێگاچارە لەناو دەشتووە، ئێمە هەستمان بە هیچ بڕیارێکی سیاسیی لە بەغدا نەکردووە بەربەست بخاتە بەردەم جێبەجێکردنی ماددەی 140و دەستوور نەخشە ڕێگای بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکە داناوە و دەبێت چارەسەر بکرێت، ئەم گرفتە هەیە و نابێت بەو چاوە سەیری بکرێت، کە کێ لاوازە و کێ بەهێزە، دەبێت چارەسەرەکە لۆژیکی بێت، گەر وا بزانرێت ئێمە سازش لەسەر ئەو مافە دەکەین مومکین نییە. لە 2003 لە کەرکووک بووین و ئەوە ئێمە بووین، کە بۆ یەکەمین جار ئازادمان کرد و دەبێت ئەوانە ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن، کە لەگەڵ مافەکانی ئێمە نین بۆچی لە کەرکووک نەماینەوە و بۆچی بەجێمان هێشت؟ لە2003 ئەوەمان نەکرد بەوەی کە ئەوەمان بۆ بەدیار دەخات، کە ئەو چ وەک سەرۆکی حکوومەت و چ وەک سەرۆکی هەرێم هەستی نیشتمانی کوردایەتی هەیە لە ئێمە زیاتر، ئێمە هەیە چارەنووسازەکان دا. بۆیە لەبەر ئەوە هەڵێژێردرا، کە یەکێکە لە کۆڵەگە بەهێز و پتەوەکانی داهاتوو و هەموولایەنەکان خۆیان بە براوە دابنێین، ئێمە بە هەموو ئارامییەکەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە دەکەین و مەسەلەی کەرکووک مەسەلەیەکی ناوخۆی عیراقەو بەس، ئێگە بە هیچ دەستێوەردانێکی دەرەکی نادەین و لە ئەنجامی تەجرەبەوە بەو ئەنجامە گەیشتووین و دەستپێشخەری لە هیچ مەسەلەیەک ناکەین زیان بە عیراق بگەیەنێت". بۆ خۆشی یەکێکە لە گەورە داواکارانی مافەکانی پێشمەرگە و لە پەسنی پێشمەرگەدا دەڵێت:"نابێت ئەوە لە یاد بکەن، کە ئەوە پێشمەرگە بوو لەژێر ئەو ئاڵایە کەرکووکی پاراست و نەیهێشت داعش بچێتە ناوییەوە، ئەگەر پێشمەرگە نەبایە ئەمڕۆ نە ئاڵای عیراق و نە ئاڵای کوردستانمان دەدیت، بەڵکو تەنێ ئاڵای داعشمان دەدیت و ئەمەش هەقیقەتێکە نابێت لێی ڕابکەین". ئەوەی سەرەوە دەیبێت. لەلایەکی دیەوە بە گرتنەبەری ڕێگای دیالۆگ لە چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە چوارچێوەی دەستووردا ئەرکێکی دیکەی نێچیرڤان بارزانییە. هەروەها پاراستنی پەیوەندیی دۆستانەی بەهێز لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە و بەردەوامیدان بە بەهێزکردنی پێگە و سەنگی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی کە نێچیرڤان بارزانی شارەزایی و پسپۆڕی تەواوی لەم بوارەدا هەیە، کوردستان بەرەو پاشەرۆژێکی ئارام و بەهێز ئاراستە دەکات. هەروەها لەسایەی نێچیرڤان بارزانیدا سەرۆکایەتی هەرێم دەبێتە سەکۆی ئیراده و خواست و مافەکانی هەموو خەڵکی کوردستان، بەبێ هیچ جیاکاری و پەرگیرییەک.

بۆچی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بێ کۆسپ و ئاستەنگ نەبوو؟!

وێرای ئەوەی پارتی هەموو هەوڵێکیدا کەپرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کەش و هەوایەکی برایانە و تەبایی و یەکریزی نیشتیمانی ئەنجام بدرێ و بۆ ئەم مەبەستە چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ برایانی یەکێتی لە هەولێر و سلێمانی ئەنجامدا، هەروەها هەرلەسەر ئەم مژارە پارتی دوو رێکەوتنی لە گەڵ برایانی یەکێتی ئیمزاکرد (رێکەوتنی یەکەم لە 2019/3/4 رێکەوتنی دووەم لە /2019 5/5 بێجگە لەوەی چەندین جاری دیکە کۆڕ و کۆبوونەوە لەسەر ئاستی شاند و مەکتەبی سیاسی و سەردانی بەرپرسانی باڵا لە نێوان هەردوولادا ئەنجامدار، تەناتە دواجار (20 کاتژمێر) بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەنێو پەرلەمانی کوردستان، واتا لە ئێوارەی دووشەمە 27ی گوڵان، بەپێی لێدوان و ڕاگەیەنراوەکانی برایانی یەکێتی ، مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆبوونەوە و لە ئەنجامدا فراکسیۆنی خۆی لە پەرلەمانی کوردستان ڕاسپارد کە لە چوارچێوەی ئەو ڕێکەوتنەی نێوان یەکێتی و پارتی و گۆڕان هەیە، دەبێ هەر 21 کاندیدەکانی یەکێتی لە پەرلەمان دەنگ بە نێچیرڤان بارزانی بدەن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. کەچی ڕۆژی پاشتر (سێشەمە 28ی گوڵان) فراکسیۆنی یەکێتی لەپەرلەمانی کوردستاندا لەسەر زاری (بێگەرد تاڵەبانی) بە فراکسیۆنی پارتی ڕاگەیاند کە نابێ ئەوان بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەن (بێ ئەوەی هیچ ئەگەر و هۆکارێک بخاتەروو)؟!. ئەمەش جێگای هەڵوەستە و بەدواداچوونە!. ئەگەر برایانی یەکێتی نیازی وردەکاری زیاتریان هەبوو لە پرۆسەکەدا، بۆچی یەکێتی (چەند ڕۆژێک پێشتر) پارتی ئاگادار نەدەکردەوە لەم هەڵوێستەی خۆی؟!. دەرەنجام ئەم هەڵوێستەی برایانی یەکێتی، پێم وایە دوو ڕەهەندی سەرەکی لەخۆ دەگرێ.

ڕەهەندی یەکەم: یەکێتی لە ئاستی سەرکردایەتی خۆیدا، کێشەکانی زیاتر تەشەنەی کردووە و لەبەر چەند ئەگەرێک (کە ناکرێ لە ئێستادا باسی بکەین)؟! یەکێتی بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم نەکردووە. ئەگینا پاش دوو رێککەوتن لەگەڵ پارتی چۆن و بۆچی؟! پشت لە رێکەوتنەکە دەکەن!!.

ڕەهەندی دووەم: پێم وایە (باڵێکی نێو سەرکردایەتی یەکێتی)؟! کەوتۆتە ژێر هەژموونی (ئەجندایەکی دەرەکی) کەناخوازێ پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک و پێک هاتنی دامودەزگا شەرعییەکانی کوردستان سەرکەوێت ؟!. بۆیە (کوتوپڕ) بێ پێشەکی پاشگەزی ڕێکەوتنەکانیان بوونەوە لە گەڵ پارتی.

بەاڵم ئەم دوو ڕەهەندە دژی خواست و ئیراده و بەرژەوەندی و داهاتووی خەڵکی کوردستانە، بۆیە نەدەبوایە برایانی یەکێتی تەنها بیر لە بەرژەوەندی بەرتەسکی خزبی (باڵێکی سەرکردایەتی خۆیان) بکەنەوە و متمانەی پارتی و خەڵکی کوردستان لەدەست بدەن و لەم دوورەهەندەوە بگلێژن.

پارتی لەسەر دیاری کردنی پارێزگای کەرکووک لە گەڵ یەکێتی ڕێک کەوتبوو

لە گۆشە نیگای بڕوای پارتی دیموکراتی کوردستان بە بنەماکانی بەرپرسیتی هاوبەش لە حوکمڕانی و زیاتر خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان و پرۆسەی چاکسازی، پارتی لە /2019 3/4 رێکەوتنی لەگەڵ برایانی یەکێتی ئیمزاکرد. دواتریش بەلەبەرچاوگرتی پرەنسیپی شەراکەت لە حوکمڕانیدا، دیسان پارتی لە 2019/5/5 رێکەوتنێکی دیکەشی لەگەڵ یەکێتی ئیمزاکرد لەسەر ئەو پشک و پلانەی کە یەکێتی لە حکوومەتی داهاتووی کوردستاندا دەخوازێت. لە ڕێکەوتنی ڕۆژی 2019/3/ 4 لە روانگەی پرۆژشی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم (بەتایبەت پاش ڕووداوە شوومەکەی 16ی ئۆکتۆبەر)، بەپێی ڕێکەوتنی نێوان سەرۆک مەسعود بارزانی و بەرێز کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، پارتی (بەناو) لەسەر دیاریکردنی پارێزگاریێکی کورد بۆ کەرکووک لەگەڵ یەکێتی ڕێککەوت، ئەویش دوابەدوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەی لە نێوان سەرۆک بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵ بوو، هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر دیاری کردنی بەرێز فەرهیدون عەبدولقادر بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک، شایانی باسە دوێنێ چوارشەمە 28ی گوڵان لە ڕوونکردەوەیەکدا بەرێز فەرهیدون عەبدولقادر ئەم ڕاستییە خستۆتە ڕوو. هەروەها تەنانەت دەربارەی پۆستی وەزیری داد لە بەغدا، لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن لە نێوان سەرۆک بارزانی و کوسرەت ڕەسوڵ هەبوو لەسەر دیارکردنی کەسێکی کوردی بێالیەن بۆ ئەم پۆستە. بۆیە جێگەی سەرسوڕمانە!! کە برایانی یەکێتی بەم شێوەیە پشت لە ڕێکەوتنەکان دەکەن، ئەمەش گەواهی ڕاستیی ئەو دوو ڕەهەندەیە کەلەسەرەوە باسمانکرد.

بێگومان هەموو خەڵک و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان چاک دەزانن کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەسەرتاوە تێگەیشتن و بەرچاو ڕوونی هەبووە بۆ کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی و لەم ڕوانگەیەوە سیاسەتی (سەربری ئەیوب) و ئاسانکاری بۆ برایانی یەکێتی کردووە، هەرئەمەش بوو هۆکاری دواکەوتنی پێکهێنانی دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەو دواکەوتنەش تاکو ئێستا زیانی هەبووە بۆ پێگەی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی سیاسی عێراق و تەنانەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، هەروەها زیان و کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان کە ناکرێ چیدی درێژەی هەبێ.

*** سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن لە کۆڵێژی ئاداب زانکۆی سەاڵحەدین.**

ئەم گوتارە بە زمانی عەرەبی بۆ ڕۆژنامەی خەبات نووسراوە. لە عەرەبییەوە: شوان سەرابی

بیرهاتنا 56 ساڵییا دامەزراندنا رادیۆیا دەنگێ کوردستانێ

دەنگێ کوردستانێ... شۆڕشەک بوو دناڤ شۆڕشا گولاڵانێ دا


لادیۆی دەنگی کوردستان لە ناوچەی نازادکراودا / دەڤەری لۆلان 1985
لە ئەرشیفی کاروان محەمەد سیتۆ



سەباح بەیتوللا

هەروەکی خویا و ئاشکرایە پشتی هەلبوونا چریسکا شۆڕشا نیشتمانییا مەزنا ئیلونێ ب سەرکردایەتیا پارتیامە پارتی دیموکراتی کوردستان و ب ڕێبەریا مستەفا بارزانیێ نەمر، دەنگێ کوردستانێ ل 28/9/1963 هاتە دامەزراندن و بوو دەنگێ هەمی شۆرشگێرو ئازادیخوازا...

دەنگێ کوردستانێ بۆ بەربەستەک بەرامبەر پیلانێت دوژمن و داگیرکەرێت کوردستانێ، لەوما دوژمنی هەمی پێکول دکرن قی دەنگی نەهێلیت و ل هەمی دان و ستاندنێت خودا دگەل سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان ئێکەم مەرجێ رژێمێ ئەو بوویە کو دەنگێ کوردستانێ بهێتە ڕاگرتن چونکی دزانی دەنگێ کوردستانێ چ برینەکا مەزن ئێخستیە دناڤ لەشێ رژێمێ. لسەر دەمێ شۆڕشا گولانێ رولێ ئیزگێ دەنگێ کوردستانێ گەلەک گاریگەر و مەزن بوو، ژبەر هندێ ببوو پێشمەرگە دناڤ هەمی چەپەرادا، ببوو کادر دناڤ هەمی باژێرو گوندادا، ببوو سکرەکێ مەزن بەرامبەر پروپاگندێت ژەهراویێت دوژمنی، پەیاما ڕاستەقینەیا دوژا مللەتێ کورد دگەهاند، ئەو زولم و زوردارییا دەرحەقی مللەتی کورد دهاتە کرن ب رەئیا نافخو و دەوروبەر و دونیایێ دگەهاند.

دەنگێ کوردستانێ ببوو دەنگێ هەمی نەتەوییێت دیتر ل کوردستانێ، دەنگی کوردستانێ هەمی سنور دبڕین و پەیاما گەلێ کورد دگەهاند و حەتا دگەهاندە زیندانییێت سیاسی دناڤ زیندانێت رژێمێ دا.

دەنگێ کوردستانێ ببوو دوست و هەڤالێ هەر تاکەکێ کورد ل هەمی چێ و تەخادا، دەنگێ کوردستانێ ببوو هەلگرێ پەیامی دناڤبەرا مللەتی و شۆڕشێ دا، جەماوەرێ کوردستانێ و حەتا خەلکێ ناڤەراست و ژێریا عیراقێ و وەلاتێت دەوروبەر گوهدێریا دەنگێ کوردستانێ دکر و ڕاپورت و ڤەکولین و ووتارێت دەنگێ کوردستانێ شروڤە دکرن و چەندین وەلاتا را ئینسات لسەر دکر. رەسەناتیا دەنگێ کوردستانێ وەلێ هاتبوو کو هەمی کەسەک گوهدێرێ لێ بکەتن.

دەنگێ کوردستانێ ژبلی بەلاڤکرنا چالاکییێت پێشمەرگەی چ بەیاڤەکا ژیانێ ژێیر نەکربوو و تەنانەت چارەسەری بۆ هەمی گرفتەکێ دەست نیشان دکر و بەیاڤێت پەروەردێ و تەندروستی و چاندنێ و کومەلایەتی و... هتد بەلاڤ دکرن، لەوما جهێ خۆ دناڤ هەمی جەماوەرێ کوردستانێ دا گرتبوو و وەلێهاتبوو ئێدی مللەت و ئیزگە نەدشیان بێی ئێکو دوو بژین و ببوو شورشەکا سەرتاسەری ل کوردستانێ لەوا ب جورئەتڤە دشێین بێژین دەنگێ کوردستانێ شۆڕشەک بوو دناڤ شۆڕشا ئەیلول و گولانێ دا ودەنگێ کوردستانێ دەنگێ هەمی خەلکێ کوردستانێ بوو ب هەمی نەتەوە و ئایین و ئولانڤە.

ئەڤرۆ کو بریهاتنا 43 سالێ ڤەگەرا شۆڕشا گولانێ پیروز دکەین، یافەرە بیرهاتنا 56 سال ڤەگەڕا دامەزراندنا رادیۆیا دەنگێ کوردستانێ پیروز بکەین کو دەنگی هەردوو شۆڕشێن ئەیلوول و گولانێ بوو و هەتا نهوژی هەردەنگێ دەنگێ پێشمەرگێن پارتی و بارزانییە، دەنگێ هەمی خەلکێ کوردستانێیە.

یافەرە و گەلەک فەرە بیرهاتنا دەنگێ کوردستانێ بکەت و گەلەک خەلک ژی لسەر دەنگێ کوردستانێ هاتە گرتن و ئەشکەنجەدان و ل سێدارەدان چونکی دەنگێ کوردستانێ شۆڕشا گولانێ وەدەنگێ وێ شۆڕشێ کە دەنگێ کوردستانێ بوو، نەک جارەکێ هزار جارا پیروز و پیروز بیت.

دوژمنی دزانی چ کاریگەری هەیە .لەوا دبێژین بیرهاتنا شورشا گولانێ ودەنگێ وێ دەنگێ کوردستانێ بوو، ئەو دبێژین بیرهاتنا دەنگێ کوردستانێ بوو، نەک بیرهاتنا شۆڕشا گولانێ.

ئابووری ڕەمەزان



سەرکۆ یونس*

لەمانگی ڕەمەزاندا زیاتر لەیەک ملیار موسڵمان بە کاتژمێری جیاواز لە نزیکەی (57) وڵاتی موسڵماناندا و جگە لە موسڵمانانی وڵاتانی تر بەڕۆژوو دەبن. ئەمەش ڕەنگدانەوەی باش و خراپی دەبێت لەسەر ئابووری ئەم وڵاتانە.

بێگومان ئەم ڕەنگدانەوەیە بۆ ئەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانە دەگەڕێتەوە کە بەکاربەرو کڕیارانی بەڕۆژوو لەم مانگەدا پێ ی هەڵدەستن وئەنجامی دەدەن ،لە هەندێ وڵات بەهۆی گۆڕانکاری کەشوهەوا و داب ونەریتی کۆمەڵایەتی وئایینەوە سەرهەڵدەدات لەوانە کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی کارکردن لەکەرتی گشتی و تایبەت ودواخستنی کردنەوەی دوکان و مارکێت و شوێنە بازرگانی و پیشەسازییەکان و لەهەمانکاتدا زووداخستنیان، ئەمەش ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤی دەبێت بەسەر گەشەی ئابوری ناوخۆیی و چالاکی بازرگانی و ئەنجام بەشێوەیەکی گشتی ئابووری، لەڕاستیدا کاریگەریەکانی مانگی ڕەمەزان لەسەر ئابووری جیهانی بە گشتی و ئابووری وڵاتانی ئیسلامی زۆر و جۆراو جۆرن و بوەتە جێگای سەرنج و تێڕامانی ئابوریناسان ئەوەتا بەپێ ی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە سالی (2015) دەرچوون، دەرکەوتووە سالانە موسڵمانان نزیکەی 1.8 ترلیۆن دۆلار خەرج دەکەن.

ئەبوبەکر محەمەد ئیبن زەکەریای ڕازی (313-251کۆچی) گەورەترین پزیشکی ئێرانی، کە لە بواری کیمیا، فیزیا و فەلسەفەش تۆڕینەوەی بە نرخی هەیە. ژمارەی کتێب و نامیلکەکانی زیاترە لە 200 نووسراو. زانستنامەی پزیشکی "الحاوی" ناسراوترینی ئەوانە. دۆزینەوەی سپرتۆ و ئەسید سولفۆریک دەدەنە پاڵ ئەو. وەرگێڕانی کتێبی "المنصوری" ئەو، یەکەم کتێبی پزیشکییە، کە بە شێوەی چاپی گوتنبرک لە ئەورووپا چاپ کراوە. ئەو زانایەکی ئەزمونگەرا بوو و دەیگوت: ئەزمون باشترە لە زانستی پزیشکی. ئەویان لە پێشەنگانی بیرۆکەی بەدەستهێنانی پاڕیزراوی و دامەزرێنەری شێوازی نوێ لە فێرکردنی پزیشکی داناوە.

لە منداڵی و مێرمنداڵی ڕازی، شتێک نازانین. هەندێک نووسیوبانە، کە ئەو لە مێرمنداڵی هۆگری موسیقا بووە و لە ژەنینی نای یان عود زۆر بە توانا بووە. سەردەمێکیش زێرینگر بووە. هەروەها وەکو خۆی لە کتێبی "شکوک علی جالینوس" نووسیویەتی، هۆگری بۆ جادوگەری هەبووە. ڕەنگە هەر بەم هۆیەوە بەرەو کیمیا پەڵکێش کرا بێت و لە کاتی کارکردن بە مادەدی کیمیایی و نزیک بوونەوە لە ئاگر، زیانی بە چاوی خۆی گەیاندبێت.


دەڵێن بۆ چارەسەری چاوی سەردانی پزیشکی کرد، پزیشکەکەش بۆ چارەسەرکردنی، داوای پێنجسەد دیناری لێکرد و ئەویش ناچار بوو ئەو مەبڵەغە بدات. دوایی بە خۆی گوت: "کیمیای ڕاستی، زانستی پزیشکییە، نەک ئەوەی تۆ بە دوای دەگەڕێی". بەم شێوەیە، بەرەو پزیشکی ڕۆیشت. سەرەتا چەمکە فەلسەفییەکان، بیرکاری، ئەستێرەناسی و ئەدەب هەر لە خودی شاری ڕێی فێر بوو، دوایی بۆ فێربوونی زیاتر چووە بەغدا، کە زانایانی مەزن لەو سەردەمەدا لەوێدا دەژیان.

ڕازی لە بەغدا بووە سەرۆکی نەخۆشخانەی ئەوێ، کە لە سەدەی سێیەمی کۆچی دروستکرابوو. ڕازی هەر خێرا بووە پزیشکی پلەی یەکەم و دەستەڵاتداران ئەویان بۆ لای خۆ بانگەدەکرد و ڕازی هەندێک کتێبی بەناوی ئەوانەوە نووسیوە، بۆ نموونە کاتێک بە بانگهێشتی ئەبو سالح مەنسور ئیبن ئیسحاقی سامانی گەڕایەوە زێدەکەی و بووە سەرۆکی نەخۆشخانەی ڕێی، هەر لەم شارە بوو، کە کتێبی پزیشکی "المنصوری" بەناوی ئەو نووسیوە، کە ناسراوترین و بەناوبانگترین نووسراوەی ئەوە لە ڕۆژئاوا. وەرگێڕاوی ئەم کتێبە، یەکەم کتێبی پزیشکییە، کە بەشێوەی چاپی گوتنبرک لە ئەوروپا چاپ بووە.

ڕازی ساڵانی کۆتایی ژیانی لە شاری ڕێی مایەوە و قوتابی زۆری هەبوو، کە دوایی بوونە پزیشکی بەناوبانگ. هەر لەو ساڵانە بوو، کە چاوەکانی ئاوی هەڵهێنا و یەکێک لە قوتابیانی یادداشتەکانی، کە تێیدا بە وردی زۆر، چۆنیەتی بارودۆخی نەخۆش و باشبوونەوەی ئەوانی باس کردووە، ئەوی وەکو مەزنترین پزیشکی کلینیکی هەموو سەردەمەکان ناساندووە. یەکێک لە یادداشتەکانی ئەو بەم جۆرەیە:

عەبدوڵڵای کوڕی سەواد دوچاری تای ناڕێکوپێک ببوو، کە هەندێک جار هەر ڕۆژ تووشی دەبوو و هەندێک جار ڕۆژێک نا ڕۆژێک و هەندێک جار هەر چوار ڕۆژ یان شەش ڕۆژ جارێک. بەر لەوەی تووشی تا بێت، دەڵەرزی و زۆر مێزی دەکرد. بیرۆکەی من وەها بوو، نەخۆش بریتی لە گورچیلە هەیە. دوای ماوەیەک لە میزی نەخۆش کێم دەرکەوت. من پێمگوت، کە ئیتر تا ناگەڕێتەوە، هەرواش بوو.

تەنیا شتێک کە نەیهێشت لە یەکەم جار بۆچوونی خۆم لەبارەی نەخۆش، کە بریتی گورچیلەی هەبوو، دەربڕم، ئەوە بوو، کە بەر لەوە تووشی تا ببێ، گومان هەبوو، کە ئەم تایە ناڕێکوپێکانە لەو هەوکردنە بێت، کە چۆن هێز وەردەگرێت تووشی تا دەبێت. سەرەڕای ئەوەی نەخۆش بە منی نەگوتبوو، لە کاتی هەستان، هەست بە قورسایی مل دەکات، منیش ئەوەم لە بیرچوبۆوە، لەو بارەیەوە پرسیاری لێبکەم. لەڕاستیدا دەبێ زۆر میزکردنی، گومانی منی لەبارەی بڕینی گورچیلە بهەێز بکردبایە. بەڵام نەمدەزانی کە باوکیشی نەخۆشی میزلدانی هەیە و ئێشو ئازاری هەبووە.



شێوازی ڕازی لە پزیشکی

ڕازی لە پزیشکی زۆر نوێخوازبووە و بە شێوەی کوێرانە پەیڕەوی لە پزیشکانی بەر لە خۆی نەکردووە. کتێبێکی بەناوی "شکوک" نووسیوە و بیرۆکە و شێوازەکانی نادروستی جالینوسی دەستنیشان کردووە. هەروەها لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە "نەزموون باشترە لە زانستی پزیشکی" و مەبەستی ئەو لە زانستی پزیشکی، نووسراوەکانی بەر لە خۆی بووە. لەو تەبەرستان بۆ چارەسەری هات و داوای لە مامۆستای خۆی کرد، چارەسەری بکات. ڕازی پێیگوت ئەم کارە، ئێش و ئازاری من زیاد دەکات، چونکە مردنی من نزیکە و باش نییە بۆ چارەسەری چاوەکانم خۆم بخەمە ڕەنجەوە. زۆری نەخایاند، کە لە 5ی شەعبانی ساڵی 313ی کۆچی لە شاری ڕێی گیانی لەدەستدا. ئەو لەو کاتە نزیکەی 60ساڵ تەمەنی هەبوو.

کاتێک، کە لە نەخۆشخانەی ڕێی بەرپرس بوو، کە سەردانی نەخۆشەکانی دەکرد، قوتابییەکانی دەوروبەریان دەدا. هەر نەخۆشێک کە دەهاتە نەخۆشخانە، سەرەتا سەردانی قوتابی قوتابیانی دەکرد، ئەگەر نەیانتوانیبایە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، دەچووە لای قوتابیانی ڕازی، ئەگەر ئەوانیش نەیانەتوانی چارەسەری بکەن، سەردانی خودی ڕازی دەکرد. ئەم شێوازەی چارەسەری پزیشکی لە سەردەمی ڕازی، ئێستاش لە نەخۆشخانەکانی فێرکردنی جیهان لەبەرچاو دەگیردرێت.

کاتێک کە دەیانویست نەخۆشخانەی موعتەزەدی لە بەغدا دروست بکەن، لەبارەی شوێنی گونجاو بۆ نەخۆشخانە لەگەڵ ئەو ڕاوێژیان کرد. ڕازی گوتی دەبێ پارچە گوشتی وەکو یەک لە شوێنی جۆراوجۆری شار هەڵواسن و ئەو شوێنە هەڵبژێرن، کە پارچە گوشتەکان دەرنگنتر بۆگەن بوونە. ڕازی لەو نەخۆشخانەیەدا بەشێکی تایبەتی بۆ نەخۆشانی دەروونی دروستکرد و بۆ هەر دەستەیەک لە نەخۆشەکان جەمی خواردنی تایبەت بەوانی بۆ دیاری کردبوون.

نووسراوەکانی ڕازی

ڕازی تویژەر و نووسەرێکی پڕ کار بوو و خۆی لەم بارەیەوە لە کتێبی "السیرە الفلسفیە" دەڵێت: "هەوڵ و تەقەڵای من بۆ فێربوونی زانست بە ڕادەیەک بوو، کە 20هەزار کاغەز شتم نووسی و 15ساڵ لە تەمەنم، شەو و ڕۆژ تەرخان کرد بۆ نووسینی "جامع کبیر" و بەهۆی ئەو کارەوە چاوەکانم کز بوون و ماسولکەکانم سست بوونەوە و منی لە نووسین بێبەش کرد. سەرەڕای ئەوانەش وازم لە فێربوونی زانست نەهێناو بەردەوام بە یارمەتی ئەم و ئەو دەخوێنم و لەسەر دەستیان دەنووسم".

یەکەم، پێرست لە نووسراوەکانی ڕازی، خودی ڕازی داینناوە، کە ئیبن ندیم ئەوی لە "الفهرست" هێناوە. ئیبن قەفتیش لە کتێبەکەی خۆی بەناوی "اخبار الحکماء" ئەو پێرستەی بە گێڕانەوە لە ئیبن ندیم هێناوە. دوایی ئەبو ڕەیحانی بیرونی، کتێبێکی لە بارەی نووسراوەکانی ڕازی نووسیوەتەوە، کە پۆل کراوس، ڕۆژهەڵاتناسی فرەنسی لە ساڵی 1936ئەوی بەناوی "نامیلکەی ئەبی ڕەیحان لە بارەی پێرستی کتێبی محەمەد ئیبن زەکەریای ڕازی" چاپ کردووە.

فەلسەفەی ڕازی

ڕازی وەکو جالینوس لەسەر ئەم باوەڕە بوو، کە پزیشکێکی بلیمەت دەبێ فەیلەسوفیش بێت. ڕازی لە ئەندێشەی باوی سەردەمی خۆی، کە فەلسەفەی ئەرەستۆیی ژ ئەفلاتونی بوو، پەیڕەوی نەدەکرد و بیروباوەڕی تایبەت بەخۆی هەبوو، کە دەرئەنجامەکەی بووە هۆی گلەیی و گازندەیی فەیلەسوفانی هاوچەرخ و دوای خۆی. ڕازی بەرزترین کەسایەتی عەقڵگەرا لە ئەزمونگەرا لە کولتوری ئێرانی دادەندرێ. ئەو لە فەلسەفە بۆچوونی سوکرات و ئەفلاتونی هەبوو و کاریگەری ئەندێشەی هیندی و مانەوی لە فەلسەفەی ئەو دەبیندرێ.

سەرەڕای ئەمەش هیچکات سەری بۆ ئەندێشەی دیکە دانەدەنواند، بگرە ئەو زانیاریانەی لە پێشینیانی خۆی بەدەست گەیشتبوو، سەیری دەکرد و دادەوەریان لەسەر دەکرد و دوایی بۆچوونی خۆی لەسەریان دەردەبڕی و ئەمەی بە مافی خۆی دەزانی، کە بۆچوونی ئەوانەی دیکە بگۆڕێت یان تەواویان بکات. لەبارەی بیرورای ڕازی زانیاری ورد لەبەردەست دا نییە. بێجگە لەوەی، کە لە نووسراوەکانی نەیارانی هاتووە. بۆ نموونە ئەوەی لە نووسراوەکانی ئەبو حاتم ڕازی هاتووە، دەڵێ کەسێکی بێ دین بووە و گاڵتەی بە هەموو پێغەمبەران و پیرۆزیەکان کردووە. بێجگە لەو نووسەرە کە ئایینزای ئیسماعیلیەی هەبوو، نووسەرانی دیکەی ئیسماعیلیەش وەکو ناسر خەسرەو هەر ئەم قسەیەیان کردووە.

لە جیهانی ئیسلام بەر لە ڕینسانسی ئەورووپا، کەسانێکی بێدین هەبوون، ڕەنگە ئەوانە پێشەنگانی مولحیدی و بێدینی ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا دابندرێن. کە بە قسەی نەیاران، ڕازیش یەکێک لەوان بووە، ڕازی لە زاری نەیارانی بەردەوام بە خوا دەخوات و گەمە بە هەموو کتێبە ئایینیەکان دەکات و ئەوان بە ئەفسانەی پێشینیان ناو دەبات.

لە ڕوانگەی ڕازی جیهان شوێنی شەڕو ڕەنجە، تەنیا ڕێگەی ڕزگاری، عەقڵ و فەلسەفەیە، گیانەکان لە تاریکی ئەم جیهانە پاک نابنەوە و نەفسەکان لەم ڕەنجە ڕزگار نابن، مەگەر لە ڕێگەی فەلسەفەوە نەبێت. لە فەلسەفەی ئاکاری ڕازی پرسی چێژ و ڕەنج بایەخی زۆری هەیە، لە ڕوانگەی ئەو چێژ شتێکە بوونی نییە، واتا ڕزگاربوونە لە ڕەنج و ڕەنجیش واتا دەرچوون لە حالەتی سڕووشتی بەهۆی کاریگەری کاریکەوە و ئەگەر کارێک دژ بەو کاریگەری هەبێت و هۆکاری ڕزگار بوون بێت لەڕەنج و گەڕانەوە بێت بۆ حالەتی سڕووشتی، ئەمە دروست کردنی چێژە.

تایبەتمەندی ڕازی لەوەدا بوو، کە بناخەی فەلسەفەی ئەو نە بە پێی دوو کولتووری زاڵی سەردەم، واتا یۆنانی و ئیسلامی، کە بە پێی فەلسەفەی ئێرانی و بابلی و هیندی دامەزرا بوو. گرنگترین پرسیاری فەلسەفەی ئەو ئەمە بوو: "ئەگەر خوا بەدیهێنەری جیهانە، بۆچی بەر لە ئافرانەنی جیهان، جیهانی بەدینەهێناوە".

لەبان سڕووشتی ڕازی پێنج بنەما بوونی هەیە، کە کۆنن و هەر ئەوە بووە هۆی ئەوەی، کە موسڵمانان ئەو بە "دەهری" ناو ببەن": بەدیهێنەر، نەفسی گشتی، مادەی سەرەتایی، شوێنی ڕەها و کاتی ڕەها یان دەهر.

www.xebat.net
پێنج شەمە 2019/5/30 ژمارە (5761)

خوێندنەوەی کتێبی

گوناح و ئیمان... توێژینەوە لەبارەی گرووپە ئیتنییەکانی کوردستان

سمکۆ محەمەد: چەمکی یەکتاپەرستی ڕێککەوتنێکە لە نێوان تەواوی ئەو ئایینانەی لە کوردستان هەن


ئا: هزرو هونەر

کتێبی (گوناح و ئیمان.. توێژینەوە لەبارەی گرووپە ئیتنییەکانی کوردستان) بە قەبارەیەکی گەورە و 336لاپەڕەیی لە نووسینی سمکۆ محەمەد کەوتە بەردیدی خوێنەران، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردیە و لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین چاپکراوە، کتێبەکە لەم بەشانە پێکهاتووە: پێشەکی، ئێزیدی و ئێزدیباتی .. باوەڕ و گومان، کاکەیی و یارسان، سابیئەی مەندائی، ئەرمەن لەنێوان نەتەوە و ئایینداً، هەققە و بزووتنەوەی هەققە، قەرەج وەکو کوولتووری سەرەتایی بەشەر، فەرهەنگی زاراوە ئایینیەکان. لێرەدا پوختەیەک دەربارەی ئەو گتێبە دەخەینە ڕوو:

سەرەتا لەبارەی چۆنیەتی نووسینی ئەم کتێبە نووسەر دەڵێ: (چیرۆکی سەرەتایی ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ 17 ساڵ لەمەوبەر، ئەوکات وەکو بابەتێکی پەراوێزخراوی ڕۆژنامەنووسی، کارم لەسەر ئایین و گرووپە ئیتنییەکانی کوردستان دەکرد. ئەوکات بیرام وابوو هێشتا نەک هەر خەڵکی کوردستان بەگشتی بەیەکتر ناشنا نین، بگرە ڕۆشنبیر و لیکۆڵەرانی کۆمەڵناسیش ئاشنایی تەواوی ئەو گرووپە ئیتنیی و ئایینیانەی کوردستان نین، تائەو ڕادەیەی کە مامۆستای تایبەت بەم بواڕە شارەزا نین لە هەندێک ژیانی پەنهانی ئەم پێکهاتانە، نەک هەر لە ڕێوڕەسم و تێکستەکانیان و میتۆووەکانیان شارەزا نین، تا ئەو جێگەیەی کە لەوەش تێنەگەیشتوون بۆچی جوگرافیای دانیشتوانی ئەم گرووپانە پچڕ پچڕن و هەر پارچەیەکیان لە شوێنێکن، لەکاتێکدا ئەمە پێویستی بە کۆمەڵناس هەیە تاکو کورد و دانیشتوانی کوردستان خۆیان بناسن، بۆیە بە گرینگم زانی بۆ داهاتوو بیکەم بە کتێبێک، ئەوەش دوای ئەوە هات کە هەردوو کتێبەکەی مارکسم خوێندەوە بەناوی (دەربارەی مەسەلەی یەهودیەت) و کتێبی (عائلە المقدسە.. خێزانێکی پیرۆز) ی مارکس، کە لە کتێبی یەکەمیاندا باسی گرینگی فرەیی بوونی ئایین دەکات و دەڵێ "ئەگەرچی هێشتا زۆرینەی خەڵک دیندارن، بە هۆی تایبەتبوونی ئایینەوە دەست لە ئایین بەر نادەن، کەچی هەمیشە لە گوماندا وێڵن".بۆیە بەرگی یەکەمی ئەم بابەتەم وەکو ناساندنی ئایینەکان و کەمینەکان لەکتێبێکدا خستەڕوو، پاشان بیرم لەوە کردەوە بەرگی دووهەم خوێندنەوەی هەمەلایەنە بێت بۆ ئایین و تێکست و فەرهەنگ و ڕەهەندی مانەوە و کێشەکانیان).

سەبارەت بە بەڕپرسیارێتی دەوڵەت و بەڕپرسیارێتی کۆمەڵگە بەرامبەر فرە ئایینی نووسەر دەڵێ: (بۆم ڕوون بووەوە کە بەبێ ناسین و شارەزابوون لەئاین و پێکهاتە ئاینییەکانی دەوروبەر، هەروەک ئەوەی کە کۆمەڵناسی عێراقی ناسراو (ڕشید ئەلخەیون) باسی دەکات و کتێبێکی هەیە بەناوی (اقلیات و الادیان فی العراق) یان ناسینی ئەو شوێنەی ئینسان تێیدا دەژی و سەرقاڵی نووسین و لێکۆڵینەوەیە لەکۆمەڵگەکەی، بۆم دەرکەوتووە کە ناکرێ قسە لەسەر کولتوور، یان ژیانی پێکهاتەبەکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک بکەین کە پێکەوە لەیەک جوگرافیا دەژین و قایلکەریشە بۆ ئەوانەی بڕوایان بە ئایین هەیە، لەحاڵێکدا لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر وەچەیەکدا زانست تەکانێک دەدات و گەشە دەکات، کەچی ئایین لەشوێنی خۆی کار دەکات و هەر دەمێنێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئەمە بۆچی؟ لەبەر ئەوەی سیستمی جێگیر و جێکەوتە، بۆ ڕاگرتن و پتەوترکردنی پایەکانی خۆی کەڵکی لێوەردەگرێ، چونکە دەزانێ بەئاشکرابوونی ئەوەی کە ئایین مرۆڤ دروست ناکات، بەڵکو ئەوە مرۆڤ خۆیەتی ئایین دروست دەکات، ئیدی سیستم دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە لەحاڵەتی سروشتی خۆی ڕایدەگرێ و لەهەر شوێن بەنەفعی ئەو کاردانەوەی هەبوو، هاوکاریشی دەکات هەروەک ئەوەی دەبینین لەسەراسەری جیهاندا بەبارتەقای کایەکانی وەکو ئابوری و نەتەوە و سیاسەت نایاناسین بەتەواوەتی، چونکە ئەوەی لەئایندا چڕکراوەتەوە، ئەگەر بەشێکی ئاسودەیی دەروونی بێت، بەشێکی دیکەی فەلسەفەیەک بێت لەکاتی خۆیدا کاریگەری هەبووە لەسەر تاک و کۆمەڵگەو دووری خستونەتەوە لەخراپەکاری، بەشەکەی دیکەی ئەوەیە کە دامەزرێنەران و کارپێکردنی ئایین، لەژێر عینوانی هەبوویەکی ڕوحی، جوانی مرۆڤی وەکو مولکێک لەمرۆڤی سەندۆتەوە، چونکە ڕوحێکی بالآ هەیە و نەبینراوە و لەپشت دیمەنەکانی جهانی بینراوەوە کاردەکات، هەر ئەمەشە بۆتە گومان بۆ خوێنەری جددی لەبارەی ئایینەوە).

هەروەها دەڵێ: (ئەرگۆمێنتی عەقڵانی و زانستی، لەپەنا ئاین و مەسەلە ڕوحانیەکاندا بەشێکی گەورەی کەرەستەکانی ژیان ڕایی بەخوێنەری ئاسایی و ڕۆشنبیر و نووسەرەکانیشیەوە، شارەزاییەکی تەواویان نییە لەسەر ئەو ئایینانەی کە لەکوردستاندا هەن کە ئەمە بەشێکی بۆ نەبوونی کۆمەڵناسی کوردی دەگەڕێتەوە، ئەگەر ڕۆشنبیریشیان هەبێ زۆر کەموکورتی تێدایە و داتای تەواویان لەلانییە، بۆیە زۆرجار هەڵەدەکەن لەباسکردن و ڕەخنەگرتن لەئایینداً، ئەو ئایین و پێکهاتە نەتەوانە کە چۆن و لەکوێوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەمە جگەلەوەی کەمینەکانی وەکو قەرەج و دۆم، هەمیشە لەژێر هەڕەشە و تەشیری نەتەوە و ئایینە سەردەستەکان بوونە و لەکاتی خۆیدا جۆرێک لەڕۆشنبیری بووە بۆ کۆمەڵگە، بۆیە هەمیشە ئەو بڕوادارانە پەرشوبڵاوبوونە، یان لەترسان بەئازادی سروت و کولتووری خۆیان مومامەرەسە نەکردووە کە



دەکات، کەچی لەشوێنێکی دیکەدا فانتازیا و چاوەڕوانیکردنی هاتنەوەی سوپەرمانێک بۆ ڕزگارکردنی بەشەرییەت وەکو ئەوەی نیچە بڕوای پێی هەبوو، قەناعەتێکە لەگەڵ هەر وەچەیەکدا نوێدەبێتەوە و تاڕادەیەک بابەتێکی گرنگی خۆی هەیە و تاڕادەیەک بەشداریشە لەدروستکردنی بڕیاری سیاسی).

بۆ باسی شارەزایی کۆمەڵگەی کوردی لەبارەی ئایینەکانی کوردستان نووسەر دەڵێ: (وەکو پێشتر گوتم کۆمەڵگەی کوردی بەشی زۆری ئەمە ئیشکالیەتێکە هەم بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسی و هەم بۆ لێکۆڵینەوەی فکری).

ئەفسانەی نێو ئایینەکان

لەبارەی ئەفسانەی نێو ئایینەکان دەڵێ: (بەشێکی ئەم کتێبە پەیوەندی بەو ئەفسانانەوە هەیە لەنێو ئایینەکاندا فەزایەکی گەورەیان داگیر کردووە، چونکە زۆربەی ئەو شتانەی لەپیاوە ڕوحانی، یان ڕۆشنبیرەکانم بیست، یان لە سەرچاوەکان خوێندومەتەوە سەبارەت بەئایین، بەشێکی زۆری ئەو دیمەنە ئەفسانەییانە بوون کە قەناعەتی بڕوادارانی ئایینەکانی ڕاگرتووە، ئەفسانە هاوکاری ژیانی خواکانی سەرزەمینی کردووە، وێنەی کێشاوە، هەروەها پەیوەندی خواکانی ڕابردووی بەوەچەکانەوە گرێدراوە، هەرەوەک ئەوەی دەبینین سەرجەڵەی ئایینەکان و پلەکانیان لەڕێگەی وەچەکانەوە دریژەی پێدراوە، بەڵام ئەو داتا کەمە ناچاری کردم کار بەسەرچاوە بکەم بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی کتێبەکە).

زیاتر لەو ڕووەوە نووسەر دەڵێ: (هیچ ئایینێک بەخۆڕایی و لەبۆشاییدا سەرینەهەڵنەداوە، بەڵکو ژینگەیەکی ڕۆشنبیری هێناویەتیە کایەوە، بۆ نموونە بوزییەت لەهیندەوە سەریهەڵدا، چونکە زەمینەی واقیعی هەبوو، مەسیحیەت لەسەر زەمینی واقیعی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەریهەڵدا و دواجار لەڕۆژئاوا گەشەی کرد و بوو بەسیستم و ئالوگۆڕیشی بەسەرهات، چونکە کۆمەڵگە پێویستی بەژینگەیەکی دیکەی خوداپەرستی هەبوو دوور لە تونددوتیژی و دەمارگیری، ئیسلام وەکو ڕۆشنبیرییەکی نوێ کە ئیلهامی لە سەرچاوەکانی پێش خۆی وەرگرتووە، چونکە فەلسەفەیەکی دیکە چاوەڕوانی دەکرد، فەلسەفەی ئایینیش لەبەر ئەوەی لەسنووری عەقڵدا دەوەستێت، ئەفسانەش یەکێکە لەو گرێیانەی کە بەفەلسەفەش ناکرێتەوە بەئایینەوە گرێدراوە، ئەم ئایننانەی لێردا باسمان کردوون هیچیان سنووری لۆکاڵیان نەبڕیوە، ئەگەرچی خورافە گرێدراوی ئایین نییە، بەو پێیەی بەر لەئەفسانە ئایین هەبووە و ناشتوانین کێشەی ئاین و شێوازی جۆراوجۆری خوداپەرستی لەسنوورێکدا ڕابگرین، لەحاڵێکدا ئەم ئاینزایانە پڕن لە ئەفسانە و خورافیات و هیچ کاریگەرییەکیان نەبووە بەسەر ئەوانی ترەوە).

نووسەر چەندین سەردانی بۆ ناوچە جیاجیاکان کردووە و لێکۆڵینەوەی مەیدانیی کردووە، بۆیە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە سەرنجی خۆی دەخاتەڕوو و دەڵێ: (لەرووبەکی ترەوە ئەوەم تێبینی دەکرد کە لەگەڵ هەر پیاوێکی ڕوحانی سەر بەئاینەکانی کوردستان گفتوگۆم کردووە سەبارەت بەئاینەکەیان، وابەستەیە بەقسە یان ئەو چیرۆکانەی کە


سمکۆ محەمەد

کاهینەکانیان دڕووستیان کردووە، ئەمەش بۆ سەروەختی خۆی جۆرێک ڕۆشنبیری بووە کە توانیویەتی خەڵک قەناعەت پێبهێنێ، ئەگەر زێدەڕۆیی نەبێ هێندێکجار خودا لەپیاوێکی ڕوحانیدا کۆکراوەتەوە، هەروەک ئەوەی باوەڕدارەکانیان ئەوەندەی باس لەپیاوە ڕوحانیەکانیان دەکەن، ئەوەندە باس لە خودای یەکتا ناکەن، بۆیە گومانەکە هێشتا نەڕەویوەتەوە لەو فەلسەفەی ئاینەکان، ئەمە بۆمن جێگەی سەرنج بوو، بەڵام کۆک بوونیان لەسەر وشەی خودا، بەشێکی زۆری لەفەزای باوەڕداریتی داگیر کردووە).

یەکتاپەرستی خاڵی هاوبەشی ئاینەکان

نووسەر لە ئەنجامی گەڕان و لێکۆڵینەوە بەوە گەیشتووە کە: (چەمکی یەکتاپەرستی وەکو بڵێی ڕێکەوتنێکە لەنێوان تەواوی ئەو ئایناندا کە لەکوردستان هەن، ئەمەش ئەوکاتە باشتر دەبینرێ کە هەموو ئایینەکان بڕوایان بەخودایەک هەیە کە تاک و تەنهایە، سا با ئەو خودایە هەر وێنەیەکی هەبێت و بەهەر شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ یەکەمین مەلائیکە و بەشەردا کردبێت کە دواتر جیهانی دروستکردووە، هەر بۆیە شەیتان کراوە بەدژی خوا، جگە لەئایینی ئێزیدیاتی کە بیانووی لۆژیکی خۆیان هەیە و بەوشەی شەیتان قەڵس دەبن، چونکە هیچ ئایینێک ناتوانێ بەبێ چەمکی خودا دژێژە بەتەمەنی خۆی بدات، مەبەستم ئەوەیە کە ئایینەکانی هەموو دونیا لەسەر دوالیزم وابەستە کراوە، واتە خێر و شەڕ، خوا خێرە و شەیتانیش شەڕ، بەدەر لەمە کە خوا کاریگەری خێر دەخاتە سەر ئینسان و شەیتانیش کاریگەری شەڕ، بەو پێیە شەیتان یاخیگەرێکە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، بۆیە نەفرەتی لێدەکرێ و ئینسان بۆ سەر ژیانی خۆی تەرجەمەی کردووە، بەپێچەوانەشەوە نەفرەت لێکردنی یەکێکە لەپایەکانی ئازادی، ئەمە مانای دروست بوونی هاوڕایی هەموو ئایینەکانە، ئەمەش ئەوکاتە باشتر دەبینرێت یان هەستی پێدەکرێ، ئەو کاتەی کە ڕۆشنبیری ئایینی وەسەنی ڕیشەی دەردەکەوێ و بەناڕاستەوخۆ کاریگەری بۆسەر ئاینەکانی کوردستان هەیە، بەڵام لەشوێنێکی دیکەدا ئیدی وشەی شەیتان مانایەکی دیکە وەردەگرێت، ئەویش کە ئێزیدیەکان دەبینن

و بەبیستینیشی تۆڕە دەبن، چونکە لەلای ئەوان شەیتان چەمکێکە دروستکراوی مەزهەب و ئاینی دیکەیە و هەڵە تێگەیشتنە لەچیرۆکە ڕەسەنەکەی خوداو مەلائیکەتەکان، بۆیە دژ بەگوتاری خویانی دەزانن).

نووسەر بەدوای وەڵامی پرسیارێکدا زۆر هەوڵی داوە، کە پێی وایە نهێنییەک هەیە و هیچ بڕوادارێک نایدرکێنێ، لەو بارەیەوە دەڵێ:(بەخودا کردن و نەمری پیاوە ڕوحانیەکان لەنێو هەر یەکێک لەو پێکهاتە ئایینیانەی لەکوردستان هەن، نهێنیەکە کە لەزاری هیچ بڕوادارێکەوە نادرکێنرێ و کەس وەڵامی ئەو پرسیارە بەکۆنکریتی ناداتەوە، بەڵام ناسینی خودا وەکو مەرجەعێکی یەکتایی کە مانای خودای یەکتای گۆڕیوە، باشترین سەڵینەرە کە خودا ئەوەنیە یەک وێنەی هەبێ، بۆ نموونە خودا لەئایینی ئێزیدی بەشێوەیەکە و لەئاینی سابیئە شێوەیەک و لەئایینی کاکەیی و ئەرمەنی شێوەیەکی دیکەیە، بەڵام هەریەکێک لەو ئایینانە ئەوەندەی باسی پیاوە ڕوحانیەکان دەکەن، ئەوەندە باسی خودا ناکەن کە ڤیگەرێکی دیاریکراوی هەبێ، هەروەک ئەوەی کە لەمیتۆلۆژیاو سرووشتی خوداپەرستی سەر زەمین لە میسر و یۆنان هەبوونە، چونکە خوداکانی سەر زەوی ئاکارێکی جیاواز لە ئاکارە ئایینیەکان خولقاندووە کە بریتیە لە میتافیزیکای ئاکار خۆی، ئەمە لە ڕابردوودا چەمکێکی میللی بووە، بەڵام دیاردەیەکی چەواشەکاری فکری و ئاینی بووە کە ئینسان ناچارکراوە پابەندبێت بەو پرنسیپانەی لەباب و باپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە).

لەبارەی ئەوەی کە هەر ئاینێک دیدێکی جیاوازی بۆ سروشت هەیە نووسەر دەڵێ:(قوڵنەبوونەوە لەئایین وەکو کەرەستەو سیستمێک بۆ سەر زەوی و کۆمەڵگە، هەروەها قوڵنەبوونەوە لەو دیاردانەی کە سرووشت پێکدەهێنێ و نەگۆڕەو هەر ئایینێک بۆخۆی شتێکی بەخوا زانیوە، خودای کردووە بەجەستەیەکی بینراو، بەڵام دواتر شارەزابوون لەکولتوور و ڕۆشنبیری یەکتر، ئیدی خودا بووە بەچەمکێکی خوازراوو گشتگیر و دوور لە شرۆڤەکردن، ئەم تێکەڵەیە لەتێگەیشتن و یەکانگیرکردنە، بەڕەبەرە سۆز و مەیلی چوون یەکی دروستکردووە کە ئیتر ئینسان ببێتە کائینێکی دەست و پێ سپی بەرامبەر بەخواکردنی ئەوانی دیکە کە لەشێخ و پیاوی ڕوحانی و پێغەمبەرەکاندا کۆکراوەتەوە، ئەمە یەکێک لەو فاکتانە بەدەستەوە دەدات کە لەتەواوی ئایینەکان قوڵبوونەوە و تێفکرین غائیبە و نزیکبوونەوە لێی مەترسییە، چونکە بۆتە بەشێک لەدەسەڵاتی سەرزەمین و لەوێوە خودا نادیارەکە کاریان پێکراوە، ئەم داتایە ئەوکاتە ئاشکرادەبێت کە سروت و ئاهەنگەکان دابەشیان کردووە و هەریەکەیان لەمانگ و ڕۆژی ساڵێکدا دێنەپێشێ).

لەبارەی سەردانی بۆ ئایینەکان نووسەر تێڕوانینکی لا دروست بووە و دەڵێت: (لای نووسەر پەیهەر یەکێک لەو ئایینانەی کە من لەسەردانەکانم، هەروەها لەڕێگەی بەدواداچوونم لەو سەرچاوانەی کە پشتم پێی بەستووە و لەسەر ئایینەکان نووسراون کردوومن بەسەرچاوە، ئەوەم بۆ ڕوون بووەوە کە هەریەک لە (ئێزدی و کاکەیی و هەقە) لەسەر ئەوە کۆکن کە بەر لەوەی ئێزدی یان کاکەیی یان هەقە بن، بەشیچکی زۆریان دەڵێن ئێمە کوردین و خۆیان بەبنەچەی نەتەوەی کورد دەزانن، بەشێکی دیکەشیان دەڵێن ئێمە هەم ئایین و هەم نەتەوەی سەربەخۆین، بەتایبەتی کە دەچنە دەرەوەی قەوارەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، هەرچی ئاین و نەتەوەکانی وەکو (سابیئە و ئەرمەن) ە، دوو ئاین و نەتەوەن کە لەکوردستان هەن و بەهەمان شێوەی ئایینەکانی دیکە سەرکووتکراون، ڕەنگە هەر ئەمەش بێت لەلایەن ئایینەکانی دیکەوە قەڵاچۆ یان جینۆساید یان ئەنفال کراون لە میژوودا، بەشەکەی دیکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئایینە سەردەستەکان بڕوایان بەفرەیی و پێکەوەژیان و قەبوڵ کردنی یەکتر نەبووە، بۆیە میژووەکەشیان پچڕ پچڕە و هەژارییەکی پێوەدیارە، یان ئەوەی بەهۆی ئەوەی دەستنووس یان کولتوورەکەیان دزراوە و سوتێنراوە، بۆیە بۆخۆشیان ناتوان کۆک بن لەسەر تەواوی ئەو بۆ چوونانەی کە لەسەر خۆیان و میژووەکەیان هەیانە، ڕەنگە بەشێکی ئەوەی کە باسەکەی منی دووچاری کێشەی بێسەرچاوەیی کرد و تاڕادەیەک هەژاری کرد، هەر ئەوەبێت کە کتێبخانەکانیان هەژارە لەکولتوور و میژووی خۆیان، یان ئەوەی کە کتێبە پیرۆزەکانیان لەبەردەستدا نین و تاڕادەیەک یاساغیش کراون و ترسیان هەیە لەوەی کە بەئاشکرا دەرینەخەن).

لەبارە ئەم کتێبەوە نووسەر دواجار قسەی خۆی دەکات و دەڵێت: (بەهەرحاڵ من بەم کارەم کە ڕەنگە کەموکوڕی تێدابێ، کتێبی یەکەم بەناوی ئاین و کەمینەکان لە کوردستان بوو کە کتێبێکی تەنها مەعەرەفی بوو و ناساندنی ئاینەکان بوو بە خوێنەر، بەڵام ئەم کتێبەیان خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە بووە بۆ ئاینەکان کە پشتم بە چەندین سەرچاوەی جیاوازی ئەکادیمی بەستووە، ئەمجارەیان هەوڵمداوە ئەوەی ڕاستی بێت لەسەر زاری ڕۆشنبیر و کتێبەکانیان و سەرچاوەکانیان و کەسانی شارەزاوە، کەڵک وەربگرم). دەست خۆشی لە نووسەر دەکەین، خەرمان بەرەکەت.



13 ەمین پاڵەوانێتی ڕاپیدی خانزاد سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو

بەبەشداری 80شەترەنجزان لەسەر ئاستی کوڕان و کچان، 13ەمین پاڵەوانێتی شەترەنجی ڕاپیدی خانزاد لە شاری هەولێر سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو.

لەمیانی ئەو پاڵەوانێتیانەی یانەی شەترەنجی خانزاد لەشەوانی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان ئەنجامی دان، 13ەمین پاڵەوانێتی شەترەنجی ڕاپیدی خانزاد کە بەسیستمی سویسری 9ڕاوند بەڕێوەچوو، ژمارەیەکی زۆر لە شەترەنجزانانی کوردستان و عێراق و سوریا و ئێران بەشداریان کردبوو، کە پاڵەوانێتیەکەش لەلایەن یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییە تۆمارکرابوو، دوای ڕکابەرییەکی بەهێزی بەشداربوون، ئەنجامی کۆتایی بەمشێوەیەی خوارەوەبوو:

• کوڕان پێشکەوتووان:
دیدار محەمەد زاهیر پلەی یەکەم
عەبدولحەمید شاهر پلەی دووەم
سەرکەوت حەمەد پلەی سێیەم

• کچان پێشکەوتووان:
سارا مەسعود پلەی یەکەم
وەحیدە میلادی پلەی دووەم
لانە هاوار پلەی سێیەم

بڕوا بکەی یان نا نرخی پلیتی یاری کۆتایی خولی باسکەی ئەمەریکی 100 هەزار دۆلارە

بۆ یەکەمینجار لە مێژوودا یانەی تۆرنتۆ ڕاپتۆرز توانی بگاتە یاری کۆتایی خولی پیشەگەرانی باسکەی ئەمەریکی NBA؟ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یانەی گۆلدن ستیت وۆریرز هەلگری نازناوی پێشوو.

ئامادەبوونی هاندەران لەم یارییەی کۆتایی زۆر زەحمەت بووە، ئەویش بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی پلیتی ئەو کۆتاییە، کرپنی پلیتی یاری کۆتایی و دەسکەوتنی زۆر زەحمەت بووە، بەتایبەتیش کە نرخی هەندێ یاری لەدوای یەکی کۆتایی گەیشتۆتە زیاتر لە 100هەزار دۆلار بۆ هەر پلیتیک.

نرخی پلیتی یاریی یەکەمی کۆتایی 100 هەزار دۆلارە و بریارە ئەمڕۆ پێنج شەممە بەڕێوەبچێت، ئەگەرچی ئەو کۆتاییە نرخی پلیت زۆر بەرزبۆتەوە، بەڵام یاری دووەم لە زنجیرەی کۆتایی ڕۆژی یەکشەممە بەڕێوەدەچێت و نرخی پلیتی داهاتووش دەوەستیتە سەر ئەوەی کێ یارییەکە دەباتەوە.



قالۆێردی هەر لە بەرشلۆنە دەمێنێتەوە

یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی بڕیاریدا کە ئیرنستۆ قالۆێردی وەک جاران بەراهێنەرایەتی بەردەوام بێت، ڕاپۆرتە هەواڵەکان لە کەتالۆنیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بەرشلۆنە دوای کۆبوونەوەی هەڵسەنگاندن، بەتێکڕا ڕازی بوون لەسەر ئەوەی قالۆێردی بمێنێتەوە و جاریکی تر متمانەیان پێ بەخشیەوە.

جۆزیپ بارتۆمیۆی سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە سەبارەت بە هۆکاری دۆڕانەکانی یانەکەی بەرامبەر لیڤەرپوول و قالانسیا، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەمووان گەیشتینە ئەو بڕوایەی هیچ کام لەم دوو دۆڕانە هەڵەی ڕاهێنەری تیدا نەبووە و بۆیە بڕیارماندا جارێکی تر متمانە بە قالۆپردی بەدەینەوە.

نایەنگۆلان: بەهای گۆڵەکەم 60 ملیۆن یورۆیە

رادجا نایەنگۆلان، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی ئینتەرمیلانی ئیتاڵی، جەختی لەوە کردەوە، لە یاری یانەکەی بەرامبەر ئیمپۆلی، لە دوایین گەڕی خولی ئیتاڵیادا، بەخت یاوەری بووە. ئەمەو نایەنگۆلان، لە دوا خولەکەکانی کۆتایی یارییەکەدا گۆڵێکی تۆمار کرد و، تیپەکەی بردنەوە، بە ئەنجامی دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک برد. بەمەش بلیتی چوارەمی گەیشتن بە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپای لە وەرزی داهاتوودا بۆ یانەکەی بڕی. دوای تەواوبوونی یارییەکەش، نایەنگۆلان بە گاڵتەوە بە تۆڕی سپۆرت میدیاستی وت:"گۆڵەکەم لە تۆڕی ئیمپۆلی، بەهاکەی 60ملیۆن یۆرۆیە، ئێستا دەتوانم داوای زیادکردنی مووچەکەم لە یانەکە بکەم. بە چاوپۆشین لە گەپکردن، بە ئەرکی خۆم هەڵسام". هەروەها وتی:" ماتیاس ڤیچینۆ، یاریزانی ناوەڕاستی تیپەکە باش بوو، پاشان بەخت یاوەرم بوو، دوای ئەوەی تۆپەکەم لەوەوە بۆ هات". نایەنگۆلان لە بارەی سپالیتییەوە وتی:" داوای لێبوردن دەکەم، ئەو منی لە ئینتەر ویست، وا گەیشتینە خولی یانە پاڵەوانەکان، بۆیە دەبێت چاکە ئەو دەستکەوتە بۆ ئەو بگێڕینەوە، من ئەوم خۆش دەوێت، بۆیە هیوای بەردەوامبوونی لەگەڵ تیپەکە بۆ دەخوازم".

ڕەمزی میرەکانی

خولێکی تۆپی پێ لە بارزان بەڕێوەچوو

مسلم دۆلەمەری/ بارزان

لەدرێژەی کارو چالاکییەکان وخزمەتکردن بە تۆڕی لاوان، ناوەندی چالاکی وپێگەیاندنی لاوانی بەڕۆژی سەربەناوەندی بالای بارزانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، و بە ئامادەبونی ژمارەیەک لەبەرپرس ونوێنەرانی ئیداری وحزبی و وەرزش دۆستان لەیاریگای فریزی دەستکردی بەڕۆژ، کۆتایی بەخولێکی تۆپی پێ هیات.

شایانی باسە ئەم خولە لە شەوانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز بۆ ژمارەیەک لە تیپەکانی سنورەکە کردبۆوەوە، کە لە ئەنجامدا هەردوو تیپی شیرین وپێشمەرگە گەیشتنە کۆتایی یاریەکە و دوای بەرامبەربوونیان، بە لێدانی سزای یەکلاکەرەوە تیپی پێشمەرگە بردیەوە و بووە پاڵەوانی خولەکە.



خولێکی تۆپی پێ شەوانی ڕەمەزان لە ناوەندی وەرزش و لاوانی کۆیە

خولی شەوانی ڕەمەزان کە ناوەندی وەرزش و لاوانی کۆیەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی لاوانی هەولێر ڕێکخرابوو، بەبەشداری ١٠ تیپ و شەوانە لەکاتژمێر ٨ی شەو لەیاریگای شەهیدان بەڕێوەدەچوو، لە ٢٠١٩/٥/٢٧ بەئامادەبوونی مامۆستا یوسف قایمقامی کۆیە و چەنیدن بەرپرسی حزبی و حکومی کۆتایی خولی تۆپی پێی شەوانی ڕەمەزان لە نێوان هەردوو تیپی زەنگی نوێ - سامبای تەق تەق ئەنجامدرا، کۆتایی یاریەکە تیپی سامبای تەق تەق بەئەنجامی (٥ - ١ گۆڵ) توانی یاریەکە بباتەوە و ببێتە خاوەنی پلەی یەکەمی خولەکە، لە کۆتاییدا لەلایەن ئامادەبوانەوە خەڵات بەسەر هەردوو تیپ و سەرجەم یاریزانەکان دابەشکرا .

ڕێبوار هەورامی



نیشانەی کاپتنی بەڕازیل لە نەیمار وەرگیرایەوە

یەکێتی تۆپی پێی ئینگلیزی ئاشکرای کرد کە نیشانەی کاپتنی هەڵبژاردەی بەڕازیل لە پاڵەوانێتی کوپا ئەمریکا کە مانگی داهاتوو لە بەرازیل بەڕێوەدەچێت، لەلایەن دانی ئالڤێشەوە دەبەسترێت، واتە ئەو نیشانەیەی جاران نەیمار دەیبەستا ئێستا دراوەتە ئەلڤێشی بەرگریکار.

یەکێتی تۆپی پێی بەڕازیل ڕوونی کردەوە کە ئەوان بە فەرمی نایماریان لەمە ئاگادار کردۆتەوە و پێیان وایە نەیمار وەک پێویست پابەند نییە بەو ئەرکەی کە پێشتر پێی سپێردراوە، میدیاکانی ئەو وڵاتەش هۆکارەکەیان بۆ ئەو ڕووداوە گێڕاوەتەوە کە نەیمار هەڵەیەکی گەورەی کرد کاتێک لەگەڵ هاندەرەکەی یانەی ڕەین کێشەی نایەوە، کە هێشتا یەکێتی تۆپی بەرازیلی لەمبارەیەوە قسەیان لەگەڵ نەکردووە.

چرکە بەچرکە لەگەڵ میرکاتۆی ریال مەدرید

ڕۆژنامەنووسیکی ئیسپانی: ریال مەدرید بەر لەوەی یاریزان بکڕێت، دەیەوێت چەند یاریزانێکی خۆی بفرۆشێت

هاوار مورتکەیی

ئیدواردۆ ئیندای ڕۆژنامەنووس بەردەوامە لە لە خستنەڕوو و قسەکردن لە سەر میرکاتۆی ریال مەدرید، ڕوونی دەکاتەوە کە ڕۆدری یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید، خۆی نیشانی تیپەکەی زێدان داوە بەوەی حەزەکات یارییان بۆ بکات، بەڵام فلۆرینتۆ پیریزی سەرۆک داوای لە یاریزانی ناوبراو کردووە دان بەخۆیدا بگرێت، چونکە ریال مەدرید بەنیازە چەند یاریزانێکی خۆی بفرۆشێت، بەرلەوەی یاریزان بکڕێن جارێ ببیر لە فرۆشتنی یاریزانەکان دەکەینەوە.

ئەو ڕۆژنامەنووسە ئیسپانیە ڕوونی دەکاتەوە کە پۆل پۆگبای فەرەنسی بەرپرسانی یانەی ریال مەدریدی ئاگادار کردۆتەوە کە ئامادەیە مووچەکەی کەم بکاتەوە، لەپێناو گەیشتن بە خەونەکەی لە هاوینی داهاتوو و یاریکردن بۆ یانەی ریال مەدرید، کە مێرینگی بەنیازە لە ئێستادا هەریەک لە سێرجیۆ ریجیلیۆن و مارکۆس لۆرینتی و دانی سیبایۆس بیانفرۆشێت.

لەلایەکی دیکەوە ئەو ڕۆژنامەنووسە باس لەوە دەکات کە خێزانەکەی هازارد خانووەکەی هونەرمەندی ئیسپانی مانۆ ساینزی لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا کڕیوە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە هازاردی هاوسەری زۆر نزیک بۆتەوە لەوەی لە هاوینی داهاتوو بچێتە ریز یانەی ریال مەدرید، هەر سەبارەت بە هازاردیش، سەرۆکی ریال مەدرید چەند جارێک دووپاتی کردۆتەوە کە هەست بەوە دەکات ئەو یاریزانە بەلژیکیە بەدرێسی ریال مەدرید دەیبینن، هەروەها ئەوەشی حستۆتە ڕوو کە لۆکا یۆفیچی سڕبی یاریزانێکە هەمووان خۆشیان دەوێت.

سەبارەت بە سێرجیۆ ڕامۆسیش کە ماوەیەکە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیسپانی قسەو باسی لەسەر دەکەن، فلۆرینتۆ پیریزی سەرۆک ڕەتی کردۆتەوە ئەو یاریزانە لەقەڵای سپی بڕوات، هەرکاتێکیش ئەوەی نیازی بێت ئەو بەرگریکارە ببات ئەوا لەسەریەتی بەهای گرێبەستەکەی بدات، لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا بڵاویان کردۆتەوە کە سێرجی ڕامۆس دەیەوێت بەخۆڕایی بچێتە چین و لە خولی ئەو وڵاتە یاری بکات.



ڕەخنە لە گواردیۆلا دەگرێت

کلۆپ: یاریزانەکانمان بۆ یارییەکەی کۆتایی لە ئامادەباشیدان



یۆرگن کلۆپی ڕاهێنەری یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی بەتوندی ڕەخنەی لە لێدوانەکانی گواردیۆلای ڕاهێنەری مان سیتی دەگرێت و ڕایدەگەیەنێت کە خولی ئیگلیزی لە خولی ئیسپانی بەهێزترە.

کلۆپ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا سەبارەت بە یاریی کۆتاییان لە خۆلی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا کە بڕیارە شەممەی داهاتوو لە سەر یاریگای واندا میترۆپۆلیتانۆ لە مەدیرد ڕووبەڕووی یانەی تۆتینهام ببنەوە، کلۆپ دەڵێت: پێم وایە لێدوانەکانی گواردیۆلا لەبەر ئەوەبووە کە ماوەیەکی زۆرە نەبنتوانیوە بگەنە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ، بێگومان ئەو ڕاهێنەرێکی بەتوانایە و ڕیزی تایبەتیم بۆی هەیە، بەڵام بیگومان خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا زۆر لە خولی ئینگلیزی بەهێزترە.

سەبارەت بە یاری کۆتاییشیان کلۆپ دەڵێت: ئێستا ئێمە گرووتینیکی گەورەمان هەیە کە یاری کۆتایی ئەنجام دەدەین، بە شارەزاییەکی زۆرەوە بەشداری ئەو یارییە دەکەین، بەتایبەتیش کە وەرزی ڕابردوو لە کۆتایی هەمان خول بەرامبەر ریال مەدرید ماینەوە، ئێستاش ئەو ساتە جارێکی دیکە تازە بۆوە، ئەوە ئێمەین لە کۆتایی چامپیۆنزلیگ، پێم وایە خاوەنی کاروانیکی باشم، تا ئێستا دەسکەوتی باش، لەوەش گرنگتر ئەگەر بتوانم جامەکە بۆ لیڤەرپوول بەرزبکەینەوە.

ئەو ڕاهێنەر تەمەن 51ساڵە دەڵێت: هەموو یاریزانەکانمان بەبێ جیاوازی ئامادەن بۆ ئەو کۆتاییە، هەرچەندە کۆتاییەکی زەحمەت دەبێت، بەڵام هەموان بەبڕوایەکی تەواوەوە ئامادەییان هەیە کە جامەکە لە مەدرید بەرزبکەنەوە، یارییەکی ئاسان نابێت، چونکە تۆتینهامیش وا بە ئاسانی نەگەیشتۆتە ئەو کۆتاییە.

واین دیاز.. تەمەنێکی بچووک..

ڕیتینگێکی بەرز و ئایندەیەکی گەش

واین دیاز ڕۆیس ئەو تازەپێگەیشتووەی شەترەنج لە ساڵی 2007لە شاری سنتا کروزی فلپینی لەدایک بووە، ئێستا قوتابی پۆڵی حەفتەمە، لەو تەمەنە بچوکەی خاوەن ڕیتینگی 1888ی یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتیە، چاوەڕوانی لێدەکرێت لەداهاتوودا ببێتە یەک خاوەن گراندماستەر، ئەو لە تەمەنی 7 ساڵیدا فێری یاری شەترەنج دەبێت و بەردەوامە لە ڕاهێنان و یاریکردن، لە لێدوانێکیدا بۆ لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات چەند زانیارییەک لەسەر ژیان و دەسکەوتەکانی دەزانی.

واین دیاز دەڵێت: کە منداڵ بووم باوکم هانیدام کە فێری یاری شەترنج بم، زۆر بۆی باس دەکردم کە شەترەنج ئەو وەرزشەیە کە زۆر سوودی بۆ چالاکی میشکی هەموو مرۆڤێک هەیە، بەردەوام لەگەڵ باوکم شەترەنجم دەکرد تا باش فێربووم، شەترەنج زۆر لە خوێندن زۆر یارمەتیدەرم بوو، چونکە لەریگای شەترەنجەوە توانیم کورسیەکی خوێندن لە شارەکەم وەرگرم، ئەمە لە ریگای شەترەنجەوە بوو.

سەبارەت بە دەستپێکی بەشداری و چالاکییەکانی واین دیاز گوتی: یەکەم بەشداریکردنم لە پاڵەوانێتییەک بوو لە سەر ئستی قوتابخانەی شاری سانتاکروز، توانیم پلەی سێیەم بەدەست بهێنم، ئەمە بۆ من گرنگ بوو، چونکە هانیدام کە زیاتر خۆم ماندوو بکەم، دواتر بەردەوام بەشداریی ئەو پاڵەوانێتییانەم کردو بۆ سێ ساڵ لەسەر یەکتری توانیم ببمە پاڵەوانی هەمان پاڵەوانێتی لە ساڵەکانی 2017و 2018و 2019لە ساڵی 2019لە پاڵەوانێتی شەترەنجی هەرێمەکان میدالیای برۆنزم بەدەستهێنا هەروەها پاڵەوانی پاڵەوانێتی NAPSPHILی هەرێمایەتی ئەمساڵیش لە پاڵەوانیتی فلپین کە لە شاری مینداناو بەڕێوەچوو پلەی سێیەمم بەدەستهێنا.



پۆگبا داوای کردووە کرێی مووچەکەی کەم بکاتەوە

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616


سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Thu, 30. Apr. 2019 No: (5761)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

بەختیار شاخی (کوردستان.. پەڕینەوە بەرەو هەرمان) دەنووسێتەوە



کتێبی (کوردستان پەڕینەوە بەرەو هەرمان)


بەشێک لە ئامادەبوانی ناساندنی کتێبەکە

ساپیر حوسێن

بە ئامادەبوونی بەڕێز سیداد بارزانی نوێنەری جەنابی سەرۆک بارزانی و بەڕێز مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و بەشێک لە هەڤاڵانی ئەندامانی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقەکان و دامەزراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەت و پەرلەمان، دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان، ڕێوڕەسمێکی بۆ ناساندنی پەرتوکی (کوردستان پەڕینەوە بەرەو هەرمان)ی نووسەر و ڕۆژنامەنووس (بەختیار شاخی) ڕێکخست.

مەراسیمەکە بە سروودی ئەی ڕەقیب و ڕاوەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان سەروەریان بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمێشە زیندوو دەستی پێکرد. هەڤاڵ ساسان عەونی ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان وتاری دەستەی پێشکەشکرد، کە تێکرای نرخاندنی بەهای میژوویی کتێبی پەڕینەوە بەرەو هەرمان و نووسەری کتێبەکە بوو، چونکە هەڵگری شوناسی قارەمانیەتی پێشمەرگەی و خەونی سەربەخۆیی بەناوەرۆکی خۆیەوە گرتبوو، پاشان کەسایەتی سیاسی (ئازاد جوندیانی) پەیڤێکی لەبارەی پەرتوکەکە پێشکەشکردو وردەکاریەکانی چەند وێستگەیەکی شیکردەوە.

دواتر (بەختیار شاخی) نووسەری کتێبەکە جەختی لەسەر بیرۆکەی کتێبەکەو بایەخی میژوویی و تەواوی ئەو خاڵە گرنگانەی پەیوەستن بە نوسینەوەی پەرتوکەکەی کردەوە. سوپاسی هەموو ئەوانەشی کرد کە خۆبەخشانە و خەمخۆرانە هاوکاری بوونە بۆ لەچاپ دانی کتێبەکە. شایەنی باسە پەرتووکی (پەڕینەوە بەرەو هەرمان) بەهەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بڵاوکرایەوە.


بەختیار شاخی.. نووسەری کتێبەکە



شاری ئەنتالیا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا لە جیهاندا لە ڕووی خاوێنی و جوانی کەنار دەریاکانی

بڵاوکراوەی نوێ

میژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحمود بە ئێرانەوە



بەرگی سێیەمی کتێبی (میژووی پەیوەندییەکانی شۆڕشی شێخ مەحمود بە ئێرانەوە) بە 208لاپەڕە و لە بەرگێکی جوان، لە نووسین و ساخکردنەوەی کەمال نوری مەعروف، کە مەحمود حەفید زادە پێشەکیی بۆ نووسیوە، کەوتە بەر دیدی خوێنەران، نووسەر چەند بابەتێک دەخاتەڕوو، ڕووبەڕێکی زۆری کتێبەکە بۆ بەڵگەنامانە تەرخان کراوە، لە لاپەڕە 57ەوە تا کۆتایی بۆ 20نامە تەرخان کراوە و دەقەکانیان بڵاوکراوەتەوە کە بۆ شێخ مەحموود نێردراون، هەروەها چەند لاپەڕەیەکیش لە کۆتاییدا بۆ چەند وێنەیەک تەرخان کراوە، ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ئەوانەی لە میژووی پەیوەندییەکانی شێخ مەحموود لەگەڵ ئێران دەگەڕێن، دەستخۆشی لە نووسەر دەکەین خەرمان بەرەکەت.



تاتار خەندان

سەباح شێخانی

تاتار خەندان، ڕۆمانێکی غولام حسێنی ساعدیە، چەند ڕۆژێکە خالید فاتحی لە فارسییەوە وەریگیراوەتە سەر زمانی کوردی. ڕۆمانەکە لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوونە و لە 390لاپەڕەی پێک هاتووە، ڕۆمانەکە پڕە لە ڕووداوی جۆراوجۆر: (ئەمڕۆ ڕۆژێکی تایبەتە، ڕۆژێکی یادگاری هەموومان لە دەوری یەک کۆبووینەوە، دکتۆریشمان هەیە و خەیاڵمان ئاسودەیە، ڕاستە مردن حەقە، تائێستا چەند منداڵمان مردوون، چەند گەنجمان سااڵنە بەهیچ و خۆڕایی لەدەست دەدەین، بوونی دکتۆر نیعمەتێکی گەورەیە، خۆ هیچ نەبێ فێر دەبین چۆن بژین، چی بخۆین و چی نەخۆین، ل85).

یادی هونەرمەند و مەقامبێژی گەورەی کورد

مامۆستا سەڵاح داوده


هونەرمەندی خوالێخۆشبوو سەلاح داوده

مامۆستای ڕەوانشاد سااڵی 1941لە گوندی ئەلبوسەباحی سەربە شاری کەرکووک لەدایک بووە و لە منداڵیەوە ئاوێتەی هونەرو ئاواز و مەقامات بووە ، لەتەمەنی 15ساڵیدا و لە ساڵی 1953لە ڕادیۆی کوردی بەغدا یەکەم بەرهەمی تۆمار دەکات و لە هەمان ئیستگە مامۆستای گەورە مامۆستا عەلی مەردان داناسێت و زیاتر لە (19) گۆرانی بۆ تۆمار دەکات ، مامۆستا سەلاح داوده هاوشانی هونەرمەندانی گەورە مامۆستایان حەسەن زیرەک و مامڵێ و شوکور خەیات و هابە کاروانەکەی مەقامات و ئاوازی کوردی تێپەڕاندووە، لە ساڵیادی دامەزراندی ناوەندی (عەلی مەردان) دا بەشداریەکی دیاری کردووە پاش هاتنە خوارەوەی لەسەر شانۆ باری تەندروستی تێکدەچێت و هەمان ڕۆژ کاتژمێر 8ی شەو ڕۆحی مامۆستا سەلاح بە دیداری مەردان و زیرەک و هابە شاد دەبێت و لە ڕۆژی 5/2009 /9 لە ڕێورەسمێکی پڕ شکۆدا بەخاک دەسپێردرێت..

ڕێبوار هەورامی

فرۆشی بلیتی فیلمەکەی نەوید لە ئێران گەیشتە دوو ملیۆن دۆلار!

بەم زووانە لە سلێمانی نمایش دەکرێت


نەوید محەمەد زادە لەگەڵ خەڵاتەکەی


دیمەنێک لە فیلمەکانی نەوید محەمەد زادە

بەرهەم شێخ عزەدین

شەهێن سابیر بەڕێوەبەری میدیایی نمایشی فیلمی (میتری شەش و نیم) لە سلێمانی، لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاوی کردە وە: نەوید محەمەد زادە بەهۆی وێنەگرتنی درامایەکەوە ناتوانێت لە سلێمانی ئامادەبێت، بەاڵم لە ڕۆژانی جەژندا فیلمەکەی نمایش دەکرێت.لە ئێستادا فیلمی (میتری شیش و نیم) لەسینەماکانی شارەکانی ئێران و وڵاتی فەرەنسا نمایش دەکرێت و بڕیاربوو لە جەژن وڕۆژانی دوایدا لە سینەما سالم لەشاری سلێمانی نمایش بکرێت، ئەو فیلمە یەکێک لە ئەکتەرە بەناوبانگەکانی سینەمای ئێران ڕۆڵی سەرەکی تێدادەبینێت، کە بەڕەگەز کوردە. (نەوید محەمەد زادە) ئەکتەری سەرەکی فیلمی (میتری شەش و نیم)ە و لەدەرهێنانی (سەعید ڕوستایی)یە.. فرۆشتنی بلیتی ئەم فیلمە لە وڵاتی ئێران گەیشتوتە نزیکەی دوو ملیۆن دۆلار، بڕیاربوو لەکاتی نمایشی فیلمەکەیدا لە سلێمانی نەوید ئامادەبێت، بەاڵم بەهۆی بەشداریکردنی لەزنجیرەیەکی درامایی سەرقاڵی وێنەگرتنە لە وڵاتی تایلاند کە لەدەرهێنانی (هومن سەیدی)ە بۆیە ناتوانێت ئامادەبێت.فیلمی (میتری شەش و نیم)ە لەچوارچێوەی چالاکیەکانی کۆمپانیای (مەستی فیلم)دا لە سلێمانی نمایش دەکرێت، وەک بەپرسی میدیایی نمایشی ئەم فیلمە ڕاشیدەگەیەنین نوێترین کاری نەوید کەفیلمێکە بەناوی (سرخپوست) لەدەرهێنانی (نیماجاویدی) و لە دووهەفتەی ئایندەدا لەشاشەی سینەماکانی وڵاتی ئێران و شاری سلێمانی نمایش دەکرێت. (نەوید محەمەد زادە) لە ساڵی 1986 لە تاران لەدایک بووە، خەڵکی شاری(ئیلامە) و لەساڵی (2007)ەوە زیاتر لە سینەمادا دەرکەوتووە و بەشداری چەندین فیلمی سینەمایی کردووە خاوەنی چەندین خەڵاتی جیهانییە.